هەفتەنامەی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێران-کورد
هفته نامه فرهنگی، اجتماعی و اقتصادی ایران - کورد

جام کوردی

jame_kurdi
jamekurdi
jamekurdi
jamekurdi

دووشەممە،١٨ی ڕەشەممە
ساڵی ١٣٩٩ی کۆچی هەتاوی
8march 2021 - ژمارەی ٢٣٣
١٠٠٠ دینار - نرخی ئێران: ٥٠٠ تمەن - ئەژمار ٥٠٠٠ دانە

jamekurdi.net

فایلی تایبەت بە یادمانی کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە

هەڵەبجە، دەستە خوشکی شارە مەزڵوومەکانی دونیا

محەمەد حاجی مەحمود

سکرتێری حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان

هەڵەبجە ناوێکە ئەمڕۆ لەگەڵ هەموو شارە مەزڵومەکانی دنیادا دەستە خوشکە. هەڵەبجە پێناسەی نەتەوەی کوردە و عێراق ویستی لە ڕێگای هەڵەبجەوە کورد بەکیمیایی بخنکێنێت. لە چەندین خاڵدا، سەبارەت بە پێگە و هەڵکەوتەی ئەو شارە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ڕوون دەکەمەوە.

١- هەڵەبجە کەوتوەتە کوردستانی باشوور و لە ڕووی جوگرافیەوە پاڵی داوە بە شنرۆ و بالانبۆوە لە بناری دەشتی شارەزوورەوە سنورەکە پێشتر هەورامان و بناری سورێن و دەربەندیخان و کەلار و سنوری لەگەڵ کفری و خانەقین و پێنجوێن و تا سنوری چوارتا و بەرزنجە بەڵام ئێستا ئەو جوگرافیایە بچوکبوتەوە بۆ سنورێکی دیاریکراو.

٢- سنوری لەگەڵ ئێران لە سەرتەک و بەمۆ و پشتە دەستێپێدەکات بەسنوری تەوێلە و بیارە و خورماڵ و پێنجوێن و بانە لەگەڵ ئێران سنوری هاوبەشی هەیە.

٣- هەڵەبجە ناوەکەی چەند بۆچونی جیاجیای لەسەر باس ئەکرێت، حەلەبی بچوک و یا حەلەب لە هەڵی بەرزنجەوە یان لە جوانەوە زیاتر بەڵای هەڵەبجە یان حلە بچوک.

دریژە لە لاپەڕەی ٢

هەڵەبجە، زامی میژوو!

ئاریژ عەبدوڵڵا

ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی

هەرکە بۆ خۆشی یان ناخۆشی ناوی هەڵەبجە دێ ڕاستەوخۆ سەرنجەکان بۆ سەر تاوانی کیمیابارانکردن دەگوازرێنەوە. ئەو تاوانە هێندە گەورەیە، هاوشێوەی تاوانەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی لەسەر لاپەڕەکانی میژوو و ویژدانی مرۆڤایەتیش هەتا هەتایە هەر دەمێنێتەوە.

دیارە یازدە مانگ پێش بوردومانکردنی شاری هەڵەبجە، ڕێک لە ڕۆژی ١٦/٤ی ١٩٨٧ ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسین دۆڵی بالیسانی لە قەزای شەقڵاوە کیمیابارانکرد و دواتریش جافایەتی و گۆپتەپە و زۆربەی دەڤەرەکانی تر بەر ئەو هەڵمەتە درندانەیە کەوتن، بەڵام هەردوو کەمپی دژ بەیەکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتی (سۆسیالستی و ئیمپریالیستی) ئەو کات نوزەیان لێوە نەهات و بێدەنگییان هەڵبژارد، بۆیە ڕژێمی سەدام حسین زاتی ئەوەی کرد کە پەرە بەو تاوانەی جینۆسایدە بدا و دواجار نۆرە گەیشتە سەر هەڵەبجە و لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ ئەو کارەساتە گەورەیەی دروستکرد.

لەبەر ئەوەی هەڵەبجە لەسەر سنوری ئێران بوو، وێنەکانی ئەو ڕوداوە میژوویە بە هەموو دنیادا بڵاوبونەوە و هەڵوەستەیەکی مرۆڤانە لەسەرتا سەری جیهان هەستی پێکرا، بەڵام هێشتاش دەگوترا هەڵەبجە لەسەر سنورە و مەیدانی شەڕ بووە، بۆیە وای بەسەر هێنراوە! ئەگەر هەڵەبجە لەمەیدانەکانی شەڕیش نزیک بووبێ، خۆ دۆڵی بالیسان، جافایەتی، بادینان، سێوسێنان، دەشتی کۆیە، سەر سنور و نزیکی مەیدانەکانی جەنگ نەبوون؟

دریژە لە لاپەڕەی ٢

مەهدی شوشتەری

سەرکۆنسوولّی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی

بێگومان کارەساتی تاوانبارانە لە دژی خەڵکی زوڵملێکراو و قارەمانی هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمی تاوانباری بەعس و لە ڕێگای چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژی بەرهەمهاتووی ژمارەیەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوای بەناو لایەنگری مافی مرۆڤ، یەکێک لە تراژدیا گەورەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بووە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی لەم ڕووەوە قەرزداری هەڵەبجە و خەڵکە گەورەکەین.

وتار

پەیامی بەڕێوەبەرانی یادمانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە

بەرزڕاگرتنی یادی قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە ئەرکێکی میژوویە

ڕەزا ڕەحمەتیان_ بەڕێوەبەری دەزگای میدیایی جام کوردی

ئاوڕدانەوە و لە بیرنەکردنی کارەساتە مرۆییەکان و پێویستیی پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی هەمەچەشن لێیان و دارشتنەوەی یاد و بیرەوەریی قوربانیان و بەرکەوتوانی لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە، ئەرکێکی میژوویە کە لە ڕێگای زیندوو هێشتنەوەی سیمای ناخەڕۆیی کارەساتە مرۆییەکان، تا ڕادەیەکی بەرچاو بەربەست بۆ دووبارەبوونەویان دروست دەکات. پێداچوونەوەیەک بە ئەزموونی میژووی پڕ لە تراژیدیای سەدەی بیستەم و کۆمەڵکوژییە نگریسەکانی ئەو ڕاستییەمان بۆ دردەخات کە ئینسانی حەپەساو و ماندوو لە جینۆسساید و ڕەشکوژی، بۆ دەربازبوون لە تارمایی ئەو دیوزمە ترسناکە لە باتی فەرامۆشی و بێدەنگی کە تەنیا باری ئازارەکانی قوڵتر و قورستر دەکرد، پەنا دەباتە بەر ڕۆحی داهێنەری خۆی و هەوڵ دەدات لە نێو چرپستانی تاریکی تراژیدیاکاندا مۆمێک هەڵبکات.

بێگومان شێوازی ڕووبەڕووبونەوەی داهێنەرانەی مرۆڤ بەرانبەر کارەسات و قەیرانەکان تاک ڕەهەندی و هاوشێوە نەبووە، بەڵکوو،هەر لە هونەر و موسیقاو و سینەماوە تا ئەدبیات و ڕۆمان و بیرەوەرینووسی لە لایەک و سیاسەت و خەباتی مەدەنی و یاسایی لە لایەکی دیکەوە، پانتایی ڕۆح و وێژدانی مرۆڤی بەرپرسیان پێکهێناوە لە مەڕ پاراستنی یاد و بیرەوەری کارەساتەکان، تا کوو لەم ڕێگاوە هەم یادەکان پارێزراو بێت و لەوەش گرنگتر بە خوێندنەوە و دارشتنەوەیان لە دووتوێی ماف و یاسا نێوودەوڵەتییەکاندا و بونیاتنانی ڕێکخراوە فەرمی و نافەرمییەکانی داکۆکی لە قوربانیان و بەرکەوتووان، پێشگری لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوی هاوشێوە بکەن.

دریژە لە لاپەڕەی ٢

وتار

پەیامی بەڕێوەبەرانی یادمانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە

بەرزڕاگرتنی یادی قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە ئەرکێکی میژوویییە

دێڕەی لاپەڕەی ١

کارەساتی ئەنفالی خەڵکی کوردستانی عێراق و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بە دەستی دەوڵەتی بەعسی عێراق و لە چوارچێوەی پرۆژەی قەڵاچۆکردن و سڕینەوەی کوردانی وڵاتی عێراق، بەشێکن لە ڕووداوە تاڵەکانی سەدەی بیستەم کە بە پێی پێوەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی جینۆسایدێکی هەمەلایەنی ئامانجدار بوو کە لە ئاکامدا بوو بە هۆی نزیک بە دووسەد هەزار قوربانی و تێکدانی ژینگە و ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عێراق و لەباربردنی دەرفەتی ژیانی ئاسایی.

ئەمرۆ کە پاش ٣٣ ساڵ لە کیمیابارانی هەڵەبجە وەک دواپەردەی ئەو جینۆسایدە لەو کارەساتە دڵتەزێنە ئاوڕ دەدەینەوە و لە لایەنە مرۆیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ژینگەییەکانی دەکۆڵینەوە، بە ڕوونی دەبینین کە ئەنفال و کیمیاباران هێشتا زامێکی ناسۆرن کە گیانی بەرکەوتوان و بە جێماوانی ئازار دەدات و پێویستە کە ئەمڕۆ قووڵتر و بەرپرسانەتر لە هەموو کات و ساتێکی دیکە بکرێتە تەوەرێکی سەرەکیی مژارەکانی ئەم سەردەمە.

دەزگای میدیایی جام کوردی، لە پێناو هەستکردن بەم بەرپرسیارێتییە میژووییە، هاوکات لە گەڵ ٣٣مین ساڵوەگەڕی کیمیابارانی هەڵەبجە، لە ڕێگای بەڕێوەبردنی یادمانێکی فەرهەنگی، ئەدبی و هونەری یادی قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی هاوڕێمان بوون.

هەزار سڵاو بۆ گیانی پاک و بێگەردی قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە

هەڵەبجە، زامی میژوو!

ئاریز عەبدوڵڵا

ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی

دێڕەی لاپەڕەی ١

پێش ئەو ڕووداوە دڕندەی سەدام حسین ئەو چەکەی لە شەڕی عێراق – ئێران بە ناوی قڕکەری میش و مەگەز بەکارهێنابو، لەلایەکی دیکەش ئەو بەرنامەی لە ناو بردنی گەلی کوردستانی دارشتبوو، بۆیە بە هەردوو پاساوی بێ دەنگی جیهان لە ئاست تاوانەکان و جەنگ لەگەڵ ئێرانی بەهەڵ زانین و بەو شێوەیە ڕووبەڕووی خەڵکی بێ گوناهو سڤیلی کوردستان بوەوە.

کارەساتی هەڵەبجە و کارەساتەکانی تریش گەورەن و هەرگیز لە بیر ناچنەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا سەرنگوونبوونی ئەو ڕژێمە فاشیستە و لە سێدارەدانی سەدام حسین و هاوپێشەکانی لە بیر ناچنەوە، وەکو پەندێک بۆ هەموو ستەمکار و دیکتاتۆرەکان دەمێنێتەوە. گەلی ئێمە ڕووبەڕووی کیمیابارانی و قڕان بوەوە، بەڵام کۆڵی نەداو، لەناو نەچوو لە نزیکترین دەرفەتیشدا هەستایەوە و ڕاپەڕی. ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی گەلی کوردستان وانەیەکی تری میژووە و ئەوە دەردەخا، کە گەلانی زیندوو هەرگیز لەناو ناچن و ستەم و زەبر و زەنگی سەریشیان هەرچەندە بێ تا سەر بر ناکەن.

دوای ڕاپەڕین کوردستان بەگشتی و هەڵەبجەش بە تایبەت ئاوەدانکرایەوە، جوانکرایەوە، بەرەو پێشەوە چوو و ستەمکارانیش بەرەو زەلکاوی میژوو ڕاو نران.

هەڵەبجە زامێکی میژووە، بەڵام لە هەمانکاتدا بەرەو پێشەوە هەنگاوی گەورە دەنێ.ڕوحی شەهیدان شادبێ و سڵاو بۆ خۆراگری خەڵکی هەڵەبجە و تەواوی کوردستان.

هونەرکار: مەریوان پیربااڵ عەبدوڵڵا
جۆری هونەر: خۆشنووسی تێکەڵ نیگارکێشی

هەڵەبجە، دەستە خوشکی شارە مەزڵوومەکانی دونیا

محەمەد حاجی مەحمود

سکرتێری حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان

دێڕەی لاپەڕەی ١

٤- ناوچەکە لە ئاین و مەزهەبی جیاجیادا و پێکەوە ژیانیان تێدابووە و زۆربەی مسوڵمانەو شافیعی مەزهەبەو، تا ئێستاش گەڕەکێک لە هەڵەبجە هەیە بەناوی گەڕەکی جولەکان و لە ڕۆژهەاڵتی هەڵەبجەش کاکەییەکانی تێدایە.

٥- لە بواری ئاینیەوە خانەقاکانی بیارە و تەوێڵە و نرگسجاڕ و باخەکۆن و شێخانی نەقشبەندی جێگای خوا پەرستی و پەروەردەی پیاوانی ئاینی و حوجرەکانیان سەدان کەسایەتی گەورەی ئاینی پەروەردەکردووە کە مەال کەریمی مودەڕیس و مەال مستەفای زەڵمی نموونەییانە و کاریگەری بەرزنجە و جێگاکانی کەش لەسەری هەبووە، ئەوەش وایکردووە بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵەبجە شان بەشانی نەجەف و سامەرا لەبواری ئاینیدا جێگا پەنجەی دیار بووە لە فتواکان و ڕێنماییە ئاینیەکان و سەرەتای ڕێکخراوی برایانی مسوڵمان لە میسرەوە بۆ هەڵەبجەو لەکۆتای چلەکاندا لەگەڵ سامەرا هاوڕابوون.

٦- لەڕوی بازرگانی هەڵەبجە لە نێوان موسڵ و هەمەدان و سەقزدا قۆناغێکی بازرگانی بووە و ئێستاش بەشێوەیەکە کە بازرگانی بەردەوامە.

٧- لە بواری کشتوکاڵدا سەرزەمینێکی بەپیت و بەرەکەتەو بۆ هەموو جۆرە کشتوکاڵ و دانەوێڵە و میوە و باخێک بەکاردێت و لە ١ سالدا ٣ بۆ ٤ جار زەویەکەی بەکار دێتەوە بۆ بەرهەمهێنان.

٨- کشتوکاڵ و لۆکەو توتن و کونجی و ماش و گوڵە بەڕۆژە و هەموو جۆرە بەرهەمێکی تێدایە ئاژەڵداری و سەرچاوەی ئاوی گەورەی هەیە وەک: زەڵم ، ڕیشێن ، شیرەمەڕ و خورمال و چەقان و تانجەرۆ و سیروان و ڕیشێن چەی دەربەندیخان.

٩- جەماوەری ناوچەکەش بەگشتی نیشتمان پەروەر و کوردایەتی تێیدا سەری هەڵداوە و هەر بۆیە هەمیشە دوژمن دژی ئەو ناوچەیە و لە ١٩٦٣ حکومەتی عێراقی زۆربەی ناوچەی هەڵەبجەی وێرانکرد و زۆری دێهاتەکانی سوتاند و بەکۆمەڵ ١٣ هاوڵاتی کوشتاری لە خورمال کردوو لە سیارش مەلای مزگەوت و ٣٥ هاوڵاتی گولە باران کرد و لە ١٩٧٤ هەڵەبجە بەناپاڵم بۆردومانکرا لەلایەن بەعسیەکانەوە، وە لە ١٩٨٧/٥/١٣ زیاتر لە ١٠٠ هاوڵاتی زینە بەچاڵکرا لەلایەن بەعسەوە، وە لە ١٩٨٨/٣/١٦ بەکیمیایی لە هەڵەبجەی دا، بەعسیەکان، ٥٠٠٠ شەهید و ١٠ هەزار بریندار بەدوای خۆیدا جێهێشت هەموو گوند و ناحیە و قەزاکانی سنوریان لەگەڵ جێگا پیرۆزەکان و لەگەڵ خاک یەکسانکرد و جەماوەرەکەی گواستەوە بۆ ئۆردوگاکان.

لەڕوی ڕۆشنبیرییەوە هەڵەبجە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیرە، کۆمەڵێک لە شاعیرانی وەک: ئەحمد موختار بەگی جاف و تاهیر بەگ و گۆران و مەولەوی و بیوەی و سید هەورامی و ملا حەسەنی قازی و شێخ محمد ئەمینی مردوخی و نالی و وەلی دێوانە و علی حەمە لیواش و سالح هەژار و عین عین شەونم و ... نموونەی شاعیرانی سەر بە ناوچەی هەڵەبجەن.

١٠ - هەڵەبجە لە ساڵی ١٨٨٩ز لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بووەتە قەزا ، عوسمان پاشای جاف بووەتە یەکەم قایمقامی هەڵەبجە و ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ بە قەزا بوونی شاری هەڵەبجە.

١١- لە بواری نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسیدا ٢ شۆڕش لە کوردستان بووە هەردوو شۆڕشەکە لە ناوچەی شارەزوور هەورامان و هەڵەبجەوە دەستی پێکردووە. لە ساڵی ١٩٦١ و ١٩٧٦ وە لە بواری شۆڕشگێڕیدا پێشەنگ بووە، هەر ئەوەش وایکردووە دوژمن بەتایبەتی ڕژێمی سەدام حسێن هەمیشە هەڵەبجە بکاتە هەدەف لە، ١٩٧٤ و ١٩٨٧و ١٩٨٨. بەاڵم هەڵەبجە لەگەڵ مانەوەی بریندارانی کیمیایی تا ئێستاش قوربانی ئەدەن بەاڵم هەڵەبجە وەک شارێکی زیندو لەگەڵ جەماوەرەکەی لە جێگا و ڕێگای خۆیانن و دوژمنانیش لە ناوچوون و لە کاتێکدا یەک مانگی ساڵ کارەسات مەرگهێنەری ١٩٨٨/٣/١٦ یادی ئەکەینەوە بۆیە من پێم باشە لە دوای ٣٣ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا کاتی ئەوە هاتووە فرمێسکەکان بۆ ئەو کارەساتە کۆتاییێت و ئەو کارەساتە بکرێت بە چەکێک بە کارتێک دژی دوژمن و بەعس و ڕژێمەکەی و ناحەزانی کورد بەکاربێتەوە و ببێتە کارتێکی مەزڵومیەت و بۆ میلەتێکی مەزڵومی داگیرکراوی بێ کیان و بێ دەوڵەت و بە هەموو شێوەیەک هەر لە ناویان ئەبن بەتایبەتی لەو هەلومەرجە نەخوازراوەدا تاوانەکانی کیمیایی و ئەنفال و زیندە بەچاڵ کوبکەیتەوە مەزڵومیەتی میلەتێک بەخاوەن ویژدانان بگەیەنن و دەستی ئاوەدانی زیاتر بۆ هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان و هەورمان و شارەزووریەکان بگات.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهدانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان و کەسوکاری سەر بەرزیان و شەهیدانی ون ناو و ونبووەکانی هەڵەبجە.

محەمەد حاجی مەحمود
گوڵەخانە

ئاکامەکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی وڵاتان لە مەڕ تاوانی جینۆسایدی کوردستان

د. ستار عەزیزی
مافناس
و مامۆستای زانکۆ

تاوانی جینۆساید کردەوەیەکە بە مەبەستی قەلاچۆکردنی کۆمەڵێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، ئایینی یان ڕەچەڵەکی، کە پاش هەوڵی ئەڵمانیای نازی بۆ لە ناوبردنی یەهوودییەکان جێگای خۆی لە نێو ئەدەبی سیاسی-مافی(حقوقی) دا کردەوە. «ڕافائیل لیمکین» مافناسی یە هوودی-پۆڵۆنی کە بە سەرهەڵدانی شەڕی جیهانی دووهەم لە پۆڵۆنیا ڕایکرد و ڕۆیشتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرانبەر تاوانی ئەڵمانییەکان دژ بە یەهوودییەکان وشەی جینۆسایدی داهێنا.

هەوڵە ماندوونەناسانەکانی لمکین و لایەنگری کاریگەری ڕای گشتی و تەوژمی میدیا گەورەکانی سەردەم بوو بە هۆی ئەوەی کێشەی جینۆساید و گونجاندنی لە نێو ڕێکەوتنامە بە مەبەستی بەرگری لە دووپات بوونەوەی لە داهاتوودا و سزادانی تاوانباران ،لە سەرەتای دەست بەکاربوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بخرێتە نێو کاروباری ئەم ڕێکخراوەیە. بە پێی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ژمارە ٩٦ی بڕیاری ١١ دیسامبری١٩٤٦ دا بە کۆی دەنگ لە سەر گرنگی خەبات دژی جینۆساید جەخت کرا. لەم بڕیارنامەیەدا هاتووە: «جینوساید ڕەتکردنەوەی مافی بوونی هەموو گرووپە مرۆڤایەتیەکانە، هەر وەک کوشتن بە مانای حاشاکردن لە مافی بەسەر بردنی ژیان بۆ تاکەکانی مرۆڤە. حاشاکردن لە مافی ژیانی گرووپە مرۆڤایەتییەکان ویژدانی مرۆڤایەتی ڕادەچڵەکێنێ، زیانی گەورە لە مرۆڤایەتی دەدا و دژی ڕێساکانی ئاکار و ڕۆح و ئامانجەکانی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە.»

دوابەدوای ئەو هەوڵانە، لە ڕیکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا لە ٩دیسامبر١٩٤٨ دا کۆمەڵەی گشتی بە کۆی دەنگ لە بڕیارنامەیەک دا «ڕێکەوتنامەی پێشگری و سزادانی تاوانی ژینوساید»یان پەسەند کرد.

ئەم ڕێکەوتنامەیە گرینگییەکی زۆری بۆ ناسینی بەرپرسیارێتی سزادانی تاکی تاوانبارانی جینۆساید و ئەرکی نێودەوڵەتیی دەوڵەتەکان لە بواری دادوەری نێودەوڵەتی دا دۆزییەوە.

بە هێنانەوەی نموونەیەک، بابەتی بەرپرسیارێتی تاکی و دەوڵەتی پێکەوە شرۆڤە دەکەین. پاش هەڵوەشانەوەی یوگوسلاڤیای کۆن و هەوڵی کۆماری بۆسنەوهرزەگۆڤین و کرواتیا بۆ جیا بوونەوە لە یوگوسلاڤیای کۆن، هێزی سەربازی ناوەندی کە زۆربەیان لە سێربەکان پێک هاتبوون هاتن بۆ یارمەتی سێربەکانی دانیشتووی بۆسنە و کرواتیا و لە سەردەمی شەڕە ناوخۆییەکان لەم وڵاتە کۆماریانەدا سێربە تووندئاژۆکان هەوڵیان دا خەڵکی موسوڵمانی بۆسنە و کرواتیا لانیکەم لە هەندێ شوێن دا لە ناو ببەن هەر بۆیە دەسیان دایە کوشتنیان. ئەنجومەنی ئاسایش لە پەرچەکردارێکی بەرانبەردا دادگا نێودەوڵەتییەکانی تایبەتی سزای دامەزراند تا تاوانبارانی ئەم کارەساتانە بە سزای تاوانەکانیان بگەیەنێت. سەرەڕای بە سزا گەیاندنی زۆرێک لە بەرپرسانی ئەم کارەساتە دەوڵەتی بۆسنیا و کرواتیا پاش وەرگرتنی سەربەخۆیی، لە دادگای بالای نێو دەوڵەتی دادوەریدا بە هەڵوێست لە بەرانبەر ژێرپێکردنی یاسای ڕێکەوتنی پێشگری و سزادانی تاوانی جینۆساید، سکاڵایەکیان دژ بە دەوڵەتی سێربستان(وەک دەوڵەتی جێگری یۆگوسلاڤیای کۆن) تۆمارکرد. دەوڵەتی سێربستان دەیگووت: ڕێکەوتنی پێشگری لە جینۆساید تەنیا بۆ بە سزاگەیاندنی کەسانی تاوانباری تاوانی جینۆساید و دەرخستنی بەرپرسیارێتیان پەسەند کراوە و ناکرێت لەم بارەیەوە حکوومەت بەرپرسیار دابنرێت. پارێزەران وتیان بە تێڕوانینی سزای تاوانباران تاوانی ژینۆساید لە دادگای بالای سزای نێو دەوڵەتی یۆگوسلاڤیای کۆن (ICTY) ئیتر پێویست بە ئاماژە کردن بە بەرپرسیارێتی وڵاتی سێربستان

لە بارەی کردەوە تاوانبارییەکانیان نییە بەڵام دادگای بالای نێودەوڵەتی وتەکانی پارێزەرانی دەوڵەتی سێربستانی ڕەت کردەوە. بە بڕوای دادگا بە گرینگەوە ئەوەی بە لایەنگری و کەڵک وەرگرتن لە کەرەستەی دەوڵەتی، تاوانی جینۆساید ئەنجام بدرێت بەرپرسیارێتی سزای تاوانەکە دەکەوێتە ئەستۆی کەسی ئەنجامدەر و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت. لە ڕوویەکی تر هەوە ئەوانەی دەسیان لە تاوانی جینوسایددا هەبووە بەرپرسیارێتی سزایی یان دەبێت و لەلایەن دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان یان ناوخۆییەوە دەبێت سزا بدرێن. هەروەها ئەو حکوومەتەش تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە لە بارەیەوە بەرپرسیارە و دەبی بە شێوازێکی گونجاو، کە لە بەشی بەرپرسیارێتی نێو دەوڵەتی حکوومەتەکان ئاماژەی پێکرا قەرەبووی زیانەکانیان بکاتەوە.

دادگای بالای نێودەوڵەتی شێوازی هەڵسووکەوتی حکوومەتەکانی لەم بارەیەوە دەرخست. بۆ نمونە وڵاتی ئەڵمانیا پاش لە ناوبردنی نازییەکان لە چەن قۆناغدا بە دانانی یاساگەلێک پاش قبووڵ کردنی بەرپرسیارێتی تاوانی جینۆسایدی یەهوودییەکان قەرەبووی جیماوەکانی جینوسایدی کردەوە و مافی شارۆمەندی ئەڵمانیای پێ بەخشین. هەڵبەت سەرکردەکانی ئەڵمانیای نازی پاش شەڕی جیهانی دووەم لە دادگای سەربازی نۆرینبێرگدا سزا درابوون. لە ئەستۆ گرتنی ڕەهەندی سزادانی تاوانەکە لە لایەن بکەرانی تاوانەکەوە نەبووە ڕێگر لەوەی وڵاتی ئەڵمانیا خۆی لە بەرانبەر ئەو تاوانە بە بەرپرس نەزانێت. لە واقیعدا بەپێی یاسا ناسراوە نێودەوڵەتییەکان، سەرەڕای گۆڕانی ڕژێمیش، بەرپرسیارێتی کردەوە نایاساییەکانی حکوومەتی پێشوو لە ناو ناچێت بەڵکوو ئەم پرسە لە ئەستۆی حکوومەتدا دەمێنێتەوە و دەوڵتی نوێ دەبێت قەرەبووی زیانی قوربانیەکانی کردەوە نایاساییە کان بکاتەوە.

پاش لەناوچوونی ڕژیمی سەدام حسێن، دادگای بالای تاوانەکانی عێراق بۆ سزادانی سەدام و سەرکردەکانی ڕژێمی بەعس کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریدا تاوانیان دژ بە خەڵکی عێراق بەتایبەت نەتەوەی کورد ئەنجام دابوو دانرا و بەدەر لە سەدام هەندێک لە سەرکردەکانی تری بەعس وەک عەلی حەسەن مەجید(ئامۆزای سەدام و ناسراو بە عەلی کیمیایی) بە حوکمی لە سیدارە دان سزا دران. دادگای بالای تاوانەکانی عێراقیە شێوازی تایبەت بابەتی کیمیابارانی هەڵەبجە و تاوانی ئەنفالی تاوتوێ کرد و تاوانی ژینۆسایدی دژ بە نەتەوەی کورد سەلماند.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەم سزادانە ناوخۆییەی عێراق و هەروەها دەنگی دادگای ناوخۆی هوڵەندا لە کێشەی «وون ئارت»دا و ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکانی دەزگاکانی مافی مرۆڤ وەک: چاودێری مافی مرۆڤ، لێبوردنی نێو دەوڵەتی و کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کردەوەی تاوانی ژینوسایدی دژ بە گەلی کورد سەلمێندرا. سەلماندنی ئەم بابەتە(کردەوەی تاوانی جینوسایدە) کاریگەری گەلێکی زۆری لە بواری یاساکانی مافی نێودەوڵەتیدا دەبێت. لە بەر ئەوەی تاوانی جینوسایدی شکێنەری ڕێسا دەستوورییە نێودەوڵەتییەکانە (Jusc gens) نەک بۆ عێراق بەڵکوو بۆ وڵاتانی تری ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە باری مافی مرۆڤەوە کاریگەری دەبێت، سەرەتا باس لە کاریگەریە کانی لە سەر عێراق دەکەین.

دەوڵەتی ئێستای عێراق دەبێت بە دەر لە قەرەبووکردنەوەی مادی زیانەکانی قوربانیان و بەجێماوانی تاوانی جینۆسایدی کوردستان پلانی پێویست بۆ لە ناوبردنی کاریگەرییە نایاساییەکانی ئەم کردەوە دابڕێژێت. بۆ نموونە یەکێک لە لایەنە مادییەکانی تاوانی ژینۆساید قەلاچۆ کردنی ئیتنیکی بە ئامانجی لە ناوبردنی گرووپێکی ئیتنیکی یان نەتەوەییە. ڕژێمی بەعس بۆ لەناوبردنی بوونی کوردەکان لە ناوچە هەستیارەکانی وەک کەرکوک قەلاچۆ کردنی ئیتنیکی دەس پێکرد. هەر بۆیە دەوڵەتی ئێستای عێراق دەبێت قەرەبووی قوربانیانی ئەم تاوانە بکاتەوە و ڕێگا بۆ گەڕانەوە بۆ زێدەکانیان دابین بکات.

وڵاتەکانی تری ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئەرک و بەرپرسیارێتیان سەبارەت بەم تاوانە نێودەوڵەتیانە لە ئەستۆ دایە. ئەم وڵاتانە بەپێی مادەی ٤١ی پلانی بەرپرسیارێتیە نێودەوڵەتییەکان (پەسەند کراوی ساڵی ٢٠٠١ کمیسیون مافی نێودەوڵەتی) دەبێت، یەکەم: دۆخی دڕووست بوو بە هۆی شکاندنی یاساکانی مافی نێودەوڵەتییەوە بە فەرمی نەناسن و هەوڵ بۆ ڕاگرتنی ئەو دۆخە نەدەن. دووهەم، هەوڵ بۆ سڕینەوەی دۆخەکە نەدەن. وڵاتانی تر وەک: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتە ئەورووپیەکان دەبێت لە پێناو پاککردنەوەی کاریگەرییە نایاساییە جیماوەکانی تاوانی جینوسایدی ڕژێمی بەعس دژ بە نەتەوەی کورد تێبکۆشێن. هەروەها دەبێت یارمەتیدەر بن تا هەندێک لە ڕێساکانی یاسای بنەڕەتی ئێستای عێراق کە هێشتا بە کار نەهاتووە کەلکی لێ وەر بگیرێت. کەمتەرخەمیی ئەم وڵاتانە لەم بارەیەوە یارمەتیدەری مانەوەی دۆخی نایاسایی و پێشێلکردنی یاسای نێو دەوڵەتی دەبێت و بە پێی مادەی ٤٠ پلانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی وڵاتەکان کردەوەیەکی سەرپێچی کارانەیە.

پەلکە زێڕینەی هەڵەبجە

عەبدولڕەحمان تاوگۆزی

پەلکە زێڕینەی دوای بارانی گشت بەهارێک،
هەڵەبجەیە.
مەکۆی ئازار،
دوانگەی خەم،
گەورەترین ژان و زامی سەدەی بیستەم،
هەڵەبجەیە.
لای کانییەکەی کانی عاشقان،
لە مەملەکەتی مەولەوی و ئەحمەد موختار،
لە کۆڵانەکەی گۆران‌دا،
هەر هاوار و نزا و هانای
پێنج هەزار کۆتری سپی و
پێنج هەزار پەپوولەی کورد و
پێنج هەزار دڵی پڕ لە ئەشکەنجەیە.
جارِ دەدەن بە گوێی گەردووندا:
ناتوێینەوە،
پیاوان، ژنان، کوڕان، کچانی شنرۆیین
لە هەموو شانزەی سێپەکدا
لە سەر بنجی هەڵەبجەوە
ڕەسەن ئەڕوێین.

فرمێسکی کیمیاوی

کاوە سالّح محمد

لە هەشتاو هەشتەوە
هەموو ساڵێ
لە شانزەی سێ
سیروانی ئەشک لە چاوی منەوە
سەرچاوە ئەگرێ
ئازاری شارێ لەدڵی منەوە
نالّە و هاواری
تا کەشکەلانی فەلەک ئەبڕێ
زامی دڵم و بێ ئومێدی
تا هەتایە
بەهیچ کەسێ چارێ ناکرێ
چۆن چار ئەکرێ
لەیەک شەو لەیەک ڕۆژا
خەڵکی یەک کۆستی ئەکەوێ
من پێنج هەزار
خەڵکی یەک جار پرسە ئەگرێ
گشت بەهارێ
لای من تاڵە
وەک زەهری مار
خەڵکی یەک ماڵی وێران ئەبێ
من هەموو شار
خەڵکی دوژمن ماڵی ئەبڕێ
من دۆست ویار
خەڵکی یەک جار ئاوارە ئەبێ
من دەیان جار
خەڵکی یەک درۆی بۆ دەکرێ
من بەهەزار
خەڵکی یەک گۆڕی بۆ چێ ئەکرێ
من سەرتاپای شار
ئای ((هەڵەبجە)) داخت سەختە
ئەڵێن ژیان هەر بە بەختە
ئەم بەختەی تۆ کەی سەر ئەیا
خەڵکی شارم پشوویە با.

جینۆسایدی هەڵەبجە

لقمان عبدالقادر محمد

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

٣٣ ساڵ لەمەوپێش و لە ١٦ ئازاری ١٩٨٨دا ڕژێمی فاشست و جینۆسایدکاری عێراق بڕیاری لەناوبردنی هەموو شتێکی دا لە هەڵەبجەو دەوروبەریدا، بە ڕۆژی ڕوناک و لەبەرچاوی دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی کۆنگرەی جیهانی ئیسلامی و کۆمکاری وڵاتە عەرەبیەکان و سەرجەم وڵاتان و سەرتاپای ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا ئەم بڕیارەی جێبەجێ کرد و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی گازە ژەهراویە کیمیاییە قەدەغەکراوەکان، ٥٠٠٠ مرۆڤی سڤیل و بێتاوانی لەناو برد کە زۆربەیان منداڵ و ژن بوون، تەنانەت دەیان منداڵ کە هێشتا لە سکی دایکیاندا بوون شەهید کران پێش ئەوەی چاو بە دونیای پڕ ستەمی بەعسدا هەڵبێنن. هەروەها برینداربوونی زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەس کە تا وەکو ئەمڕۆ سەدانیان لێ شەهید بوون و بێتازانە سەریان ناوەتەوە و زیاتر لە ٧٠٠٠٠ کەسیش بەو هۆیەوە وێڕای ماڵ وێران بوون و لەناوچونی سەروەت و سامانەکانیان، بە شێوەیی خۆیان دەرباز کرد ئاوارە بوون.

لەو کاتەدا زۆرێک لە میدیاکانی دونیا ڕویان لەم شارە کرد و ئەو وێنەو هەواڵانەی لە میدیاکانەوە پەخش کران وێژدانی مرۆڤە وێژدانداڕەکانی دونیای هەژاند و تووشی شۆکی کردن. دیارە هەڵەتەی جوگرافی هەڵەبجە و هەورامان بە جۆرێکە مەودایەکی درێژی هاوسنووری لە گەڵ کۆماری ئێراندا هەیە، لەماوەی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عیراق دا، بەردەوام هەڵەبجە لە ژێر زەحمەتی پرۆسکی ئاگری ئەم شەڕە نەگریسەدا بوو کە دواجاریش بوویە سوتماک.

تاوانی هەڵەبجە تاوانێک بوو کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاوشێوەی دەگمەنە، چونکە ئەم تاوانە لە لایەن خودی بەڕێوەبەرانی وڵاتێک ئەنجامدرا بەرانبەر گەلەکەی خۆی کە ئەمەش سەرجەم پێوەر و بنەماکانی مافی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیارەوە و جێهانی دەڕەوە و بانگەشەکەرانی پاراستنی مافی مرۆڤیش لە ئاست ئەم زوڵم و ستەمە بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بوون و هیچ ڕێگریەکیان لەم تاوانەی دەرهەق بە مرۆڤایەتی نەکرد.

دیارە تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد بە گشتی و هەڵەبجە بە تایبەتی بەرنامە داڕێژراوێکی سەرانی بەعس بوو کە تا هەنوکەش بۆتە مەینەتیەکی سەخت و دژوار بەسەر تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردی چونکە ئەو تاوانە بە چەندین شێواز کاریگەری نێگەتیڤی لە دوای خۆی جێهێشتووە بە جۆرێک گیرۆدە بوون بە ئازارەکانی جەستەیی و بارودۆخە ناڵەبارەکانی دەروونی و هتد.

ئەوەی جێگەی داخ و تێڕامانە لە لایەک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دەرەوە تا ئێستاش ئەم پرسەیان وەک «جینۆساید» نەناساندووە، لە لایەکی دیکەشەوە حکومەتی ئێستای عێراق کە میراتگری پێشووی خۆیەتی خەمسارد بوون و هیچ هەنگاوێکی جددیان نەناوە لە پێناو قەرەبوو کردنەوەی قوربانیان و بە دەمەوەهاتنی بەرکەوتووانی کیمیاباران.

لە کۆتاییدا دەڵێین بڕینی قوربانیانی ئێمە بە ئاوڕ لێدانەوەی جدی ساریژ دەبێت و ڕۆحی شەهیدانمان بە گەیشتنی گەلەکەمان بە مافی ڕەوای ئاسودەتر دەبێت و هەمیشە خەونی دوژمنانی گەلی کورد، بە هیمەتی ڕۆڵەکان و خۆ ڕاگرییان لە گۆڕ دەنرێت و ئایندەیەکی گەش چاوەڕێی کورد و کوردستانە.

هەولێر و بەغدا بەرپرسیارن لەوەی هەڵەبجە نەبووە بە پارێزگا

دیمانەیەک لە گەڵ شوان ڕابەر، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی دادگەری کوردستان

ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی دادگەری کوردستان، هەولێر و بەغدا بە بەرپرسیاری یەکەم دەزانێت لەوەی هەڵەبجە هێشتا نەبووە بە پارێزگا و داوای خزمەتگوزاری زیاتر و شایستە بۆ هەڵەبجە و قوربانیانی کیمیابارانی دەکات و سوود وەرگرتن لەو پێوەندییەی لەگەڵ ئێران هەیە بە پێویست دەزانێت.

– وەکوو کوردێک لە ساڵوەگەڕی کیمیابارانی هەڵەبجەدا پێش هەر شتێک بیرتان بۆ چی دەچێت و ئەوە چیە کە بەر لە هر شتێ بە پێویستی بزانن باسی بکەن

+شوان ڕابەر: کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٢/١٦ لەلایەن ڕژیمی بەعسی عێراق کارەساتێکی گەورە و جەرگبڕ بوو و زیانێکی گەورە بەر کورد کەوت. لەکەیەکی گەورە بوو بە ناوچاوی حکومەتی ئەوسای عێراق، کە جێگەی پر نابێتەوە، زوڵمێکی زۆر لە شاری هەڵەبجە کرا، کەم دەسەلات ئەوە لەگەڵ میللەتی خۆیان دەکەن. هەندێ بەرپرسانی ئەوسای کوردیش لەو ڕووداوە کەمتەرخەم بوون. ئەوم کارەساتە بوو بە ناسنامە و هێمای مەزڵومییەتی کورد و کوردی بە دونیا ناساند. بەس بە داخەوە وڵاتە زلهێزەکانی ئەوسا لە سەر کورد سزای حکومەتی عێراقییان نەدا و ئێستاش لە سەر هەڵەبجە لایەنە پێوەندیدارەکان سزا نادەن و قەرەبووی هەڵەبجە ناکەنەوە.

– هەڵەبجە پاش ئەم هەموو ساڵە و بەڵێن و دروشم بۆ خزمەت و ئاوەدانی لە چ دۆخێک دایە؟ ئایا ئەوەی شایستە بێت بۆ قوربانیان و بە تایبەت بریندارانی هەڵەبجە کراوە، و دەبێ دەسەڵات چی بۆ بکات؟

شوان ڕابەر: هەڵەبجە ئێستاش لە ڕووی ژیانی و گوزەرانی خەڵک و خزمەتەوە لە بارودۆخێکی خراپایە و وەکوو پێویست خزمەتی ئەوتۆی ناکرێت. بۆیە پێویستە لانی کەم ئەم کارانەی بۆ بکرێت: بکرێتە پارێزگا، پێداویستییەکانی پارێزگای تێیدا ئامادە بکرێ، چارەسەری بەرکەوتووانی کیمیابارانی بکرێت، خەرجیان بۆ بکرێ و قەرەبوو بکرێنەوە، خانووبان بۆ بکرێ، حیسابی خوێندیان بۆ بکرێ، زەماڵەی نێودەوڵەتییان بۆ دابین بکرێ، ئاوارەکانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، گوم بووەکانیان بدۆزرێتەوە، پرۆژە و فەرمانگەیان بۆ بکرێ، شەقامەکانیان بۆ خۆش بکرێت و چەندین ماف و ئیمتیازاتیان بۆ دابین بکرێت.

– هێشتاکە بە پارێزگابوونی هەڵەبجە یەکلایی نەبۆتەوە و ئەمەش دانیشتوانی لە زۆر شت بێبەش کردووە، کێشەکە لە چی دایە ئایا بەرپرس و نوێنەرانی کورد کەمتەرخەم بوونە یا خود کێشەکە لە بەغدایە، دەبێ چی بکرێت؟

شوان ڕابەر: بەرسەبارەت بە پارێزگا نەبوونی هەڵەبجە بە تەواوی حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان کەمتەرخەمن، لەبەر ئەوەی ململانێ نێوان دوو حزب لە کوردستان هەیە و هەر حزبە و حیسابی ناوچەی ژێر دەسەلاتی و بەرژەوەندی خۆی دەکات و بۆیە تا ئێستا خەم لەم پارێزگایە نەخواراوە و نە گرنگی پێداوە.

– ئێران وەکوو گەلی خۆی لە کارەساتی هەڵەبجەدا هەڵەبجەییەکانی لە ئامێز گرت و پاشان لە پرۆسەی دەرمان هاوکاری کردن. چۆن دەبێ سوود لەم پێوەندییە بۆ بەردەوامی خزمەت بە هەڵەبجە ببینرێت؟

شوان ڕابەر:کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە کە شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو، پێشمەرگە و حزبەکانیش لە ئێران بوون، ئێران هاوکاری زۆری خەڵکی هەڵەبجەی کرد؛ لە وەرگرتنیان، دەرمان کردنیان، گواستنەوەی خەڵک، ناساندنی تراژیدیا بە دونیای دەرەوە، دیکیۆمێنت کردنی ڕووداوەکە، لە چارسەر کردنی بەرکەوتووانی کیمیاباران، لە زۆر شتی تر.

بۆیە پێویستە ئێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاری هەڵەبجە سوود لە پێوەندی خۆی ببینێ لەگەڵ ئێران. بەوەی کە داوای هاوکاری لێ بکات کە پێوەندی لەگەڵ باش بێ کە سنووردەکانی بپارێزێ و بازرگانی لەگەڵ یەکتر و ئاڵوگۆڕی کاڵا بکەن و بەرکەوتووان لە ئێران چارەسەر بکەن. گوم بووەکان لە ئێران بدۆزنەوە. بەڵگەنامەکان لە ئێران وەربگرنەوە، زۆر کار و هەماهەنگی لەگەڵ ئێراندا بکەن بە حوکمی ئەوەی هاوسنوور و دراوسێن و کار و بەرژەوەندی هاوبەشیان لە نێوان زۆرە و بۆ هەردوولا بە قازانجە.

هەڵەبجەی بێناز و زامی گەلێک!؟

فاروق محەممەد

دیارە ڕووداوە گرنگەکانی جیهان کە بەسەر گەل و نەتەوەکاندا دێت بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی کە تراژیدیا و مەئساوین، لەو وڵاتانەی کە گەلەکانیان مەینەت و کارەساتە سەختەکانیان بەسەردا دێت بە ئەوپەڕی لێبڕان و خەمخۆریەوە خزمەتیاندەکەن، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن بەبێ منەت کردن و دانەوە بە ڕویاندا. لەبەرئەوەی بەشێک لە ناسۆر و غەمەکانیان لەسەر لابەرن، هەرچەندە لایەنی مەعنەوی و ڕوحی بەهیچ شتێکی مادی قەرە بوو ناکرێتەوە.

بەداخەوە هەڵەبجە کەزامی گەلێکی ستەم دیدەو ماف خوراوە دوای ٣٣ ساڵ لە کیمیابارانکردنی هێشتا بێنازیەکی زۆری پێوەدیارە لەئاست ئەو زامەگەورەیەدا بێنازکراوە وەک پێویست خزمەت ناکرێت لەلایەن دەسەلاتدارانی هەرێمەوە. کەئەمە جیگەی هەڵوێستەکردن و تێڕامانیکی گەورەیە کە دەبێ سنوری پارێزگای هەڵەبجە و هەڵەبجەیەکان ئەمە قبوڵ نەکەن، بەوەی پارێزگایەکی بێ پەل و پۆو بێ ئمتیاز واگوزەر بکات و هیچ بەرەو پێشچونێکی هەمە چەشنە پیوە دیار نە بێت.

وەک کورد واتەنی دەڵێت؛ ناوێکی زل و دێیەکی وێران، ژیان ناچێتەسەر بۆ هەموان.

هیوادارم ئێتر بەس بێت ئەم چاوەڕوانیە کۆتایی بێت و بەرپرسیاران و کاربەدەستان هەستی بەرپرسیاریەتیان زیندوو بێتەوە لەدوای چەندین ساڵ مردن !؟

کتێب‌ناسی

محمد محمدسعید؛ ئیرادەیەکی بێوچان بۆ تۆمارکردنی بیرەوەری و ئاسەواری کیمیابارانی هەڵەبجە

محمد محمد سعید محمد بارام خەلکی گوندی گۆمەلاری سەربە ناحیەی خورمال و پارێزگای هەلەبجە، ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ئێستە لە مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە وەک فەرمانبەر کار دەکات. محمد محمدسعید، وەک شایەتحاڵێکی زیندووی کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕۆژانە چیرۆکی خۆی و تاوانکاریەکانی ڕابردووی سەددام بۆ میوانانی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە دەگێڕێتەوە.

بە پێی وتەکانی خۆی: مەبەستی لە نوسینی ئەم کتێب و لێکۆڵینەوانە خزمەتکردنە بە شارەکەی و ئەو کەیسە گەورەیە کە هەیەتی و هەوڵی بەردەوامیش دەدات لەسەر ئەو ئەرکەی کەلە سەر شانی خۆی دەزانێ بۆ خزمەت کردنی شاری هەڵەبجە. بەڕێز محمد محمدسعید پێی وایە کە لە کیمیابارانی هەلەبجەدا خودا شانسی ژیانی دووبارەی بۆیە پێ بەخشیوە تا وەک شایەتحاڵێک تاوانکاریەکانی سەددام باس بکات و نەکرێن بەژێر پەردەوە.

"با یادگاری شەهیدەکانمان بپارێزین"

ناسنامەی کتێب: با یادگاری شەهیدەکانمان بپارێزین، محمد محمدسعید گۆمەلاری، ٢٠١٧.

ئەم کتێبە، باسێکە لە سەر پڕۆژەی کۆکردنەوەی کەل و پەلی بەجێماوی شەهیدان کیمیابارانی هەڵەبجە. پڕۆژەی کۆکردنەوەی کەل و پەلی بەجێماوی شەهیدانی کیمیابارانی، کارێکی تایبەتی بوو کە لە ساڵی ٢٠١٤وە دەستم پێکرد و لەم پڕۆژەدا لە ڕێگەی دابەشکردنی ١٠٠٠ فۆرمی زانیاری بەسەر خانەوادەی شەهیداندا، دەستم کرد بە کۆکردنەوەی کەل و پەلی بەجێماوی شەهیدانی کیمیابارانی ئەم کەیسە گرنگە، بە شێوەیەک لە کۆی ٨ مندالی ونبووی هەڵەبجە ٣مندالیان چیرۆکی ونبوونیان، پێش دۆزینەوەیان لە کتێبەکەدا هەیە. ئەم کتێبە بە وەک هەولێک بۆ ناساندنی و بە نێودەوڵەتی کردنی ئەم کەیسە زیندوە، بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی وەگێڕدراوەتەوە و لە چاپ دراوە و هەر وەها لە سالی ٢٠١٧ بە زمانی عەرەبی تەرجەمە کراوە بەڵام چاپ نەکراوە.

لەم کتێبەدا لە گەڵ خانەوادەی مندالە ونبووەکان، سەبارەت بە چیرۆک و تەمەن و شوێنی ونبوون و ئاستی خوێندەواری و ڕەگەز و چەندین ئاماری دیکە گفتوگۆ کراوە.

کۆبکەمەوە.

لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ئەم کەلوپەلانەم لە نێو مالی خۆمدا پاراستووە و ساڵی ٢٠١٦ پێشکەشی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەم کرد. ئێستا ئەم کەلوپەلانە بەشێکی زیندووی ئەم مۆنومێنتەیە و بینەر بە بینینیان دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەڵەبجەی پێش کیمیاباران. دەتوانیین بڵێین کە ئەم یادگاریانە بە واقعی بۆنی شەهیدەکانی لە خۆ گرتووە.

چیرۆکی پشتی ئەم کەلوپەلانەم لە کتێبی دۆکۆمێنتاری "با یادگاری شەهیدکانمان بپارێزین"دا بە چاپ گەیاندوە، بۆ ئەوەی ئەگەر لە دوور مەودادا کەلوپەلەکان تووشی فەوتان هاتن، کتێبەکە وەک ئەرشیف بمێنێتەوە. ئەم کارە هێشتا بەردەوامە و تا دێت پڕۆژەکە دەولەمەندتر دەبێت.

"مندالّە وونبوەکان"

ناسنامەی کتێب: مندالّە وونبوەکان، محمە محمدسەعید گۆمەلاری، لە هەلەبجەدا چەند کەیسیکی تاوانکاری هەیە کە بە هۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە ڕوویان داوە، یەکێک لەو کەیسانە کە لە دوای ئاوارەبوونی دانیشتوانی هەلەبجە بۆ ولاتی ئێران سەر هەڵدەدات، دابڕانی منداڵانە لە خانەوادەکانیان، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان ون دەبن یا خود لە لایەن هەندێ خانەوادەوە وەک کارێکی خەیری هەڵدەگیرێنەوە و تەبەنی دەکرێن.

من لە دوای ئەوەی کە لە مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە وەک شایەتحاڵی کیمیابارانی کار دەکەم، سەرەڕای کاری خۆم، پێم باش بووە کە کارێک بکەم لەسەر ئەم کەیسە و لە ساڵی ٢٠١٢ وەک یەکەم کار لەسەر ئەم کەیسە گرنگە و وەک یەکەم هەنگاو بۆ سەر پێ خستنی کەیسی مندالّە ونبوەکان دەستم کرد بە نوسینی کتێبی "منداله وونبوەکان کانی هەڵەبجە"، کە لە کیمیابارانی هەلەبجەدا ون بوون.

ئەم کتێبە هەڵگری چیرۆکی ٤٢ مندالّی ونبووە، کە سەرجەمیان لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵانەوە بوون و لە نێو نەخۆشخانەکانی ئێراندا وون بون. ئەم کارە کە لەم کتێبەدا کراوە هۆکار بووە بۆ ناساندنی ئەم کەیسە گرنگە، بە شێوەیەک لە کۆی ٨ مندالّی ونبووی هەڵەبجە ٣مندالیان چیرۆکی ونبوونیان، پێش دۆزینەوەیان لە کتێبەکەدا هەیە. ئەم کتێبە بە وەک هەولێک بۆ ناساندنی و بە نێودەوڵەتی کردنی ئەم کەیسە زیندوە، بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی وەگێڕدراوەتەوە و لە چاپ دراوە و هەر وەها لە سالی ٢٠١٧ بە زمانی عەرەبی تەرجەمە کراوە بەڵام چاپ نەکراوە.

لەم کتێبەدا لە گەڵ خانەوادەی مندالّە ونبووەکان، سەبارەت بە چیرۆک و تەمەن و شوێنی ونبوون و ئاستی خوێندەواری و ڕەگەز و چەندین ئاماری دیکە گفتوگۆ کراوە.

"مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە، پێناسەیەک بۆ جینۆساید"

ناسنامەی کتێب: مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە، پێناسەیەک بۆ جینۆساید، محمد محمدسەعید گۆمەلاری، هەڵەبجە، ٢٠١٨.

ئەم کتێبە بەرهەمێکی دۆکۆمێنتاری و ڕێبەرییە، بۆ ناساندنی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس و پێناسەیەکی ڕون و خێرایە لە سەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە. بە شێوەیەک قسە لەسەر کۆی بواڕەکانی مۆنۆمێنت دەکات و بەڕونی خوێنەر ئاشنا دەکات بە سەر هۆڵەکانی مۆنۆمێنت و سەرجەم وێنەکانی نێو مۆنۆمێنت و سەرجەم ئەو دیاری کەنزە بەنرخانەی کە پێشکەش کراون بە مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە. لە بەشێکی دیکەدا تیشکی خستوەتە سەر وەفدە سیاسییەکان و نوێنەری وڵاتان و سەرکردەکانی کوردستان و سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن و ماموستایانی ئایینی و هتد، کە سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە یان کردوە. کتێبەکە سەرجەم بەلگە گرنگەکانی نێو مۆنۆمێنتی لە خۆ گرتوە و دەتوانیت لە ڕێگەی ئەم کتێبە وە بە تەواوەتی ئاشنابین بە مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە وەک ئەوە وایە کە خۆت سەردانیت کردبێت و بەئاسانی وانەیەک لە جینۆسایدی گەلی کورد وەردەگریت. ئەم بەرهەمە سەرچاوەیەکی باشە بۆ سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن کە سودی لێ وەر گرن بۆ ئاشنابوون بە تاوانکاریەکانی ڕژێمی بەعس.

"گۆڕە بە کۆمەڵەکانی هەڵەبجە"

ناسنامەی کتێب: گۆڕە بە کۆمەڵەکانی هەڵەبجە، محمد محمدسەعید گۆمەلاری، هەڵەبجە، ٢٠١٨.

مێژووی پر لە مەرگەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە پڕیەتی لە چیرۆکی ناخ هەژین، لە ناو چیرۆکەکانی ٥٠٠٠ شەهیدی ئەم شارە، یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە دەبوایە کاری لەسەر بکرایە، گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە بوو کە ژمارەیان ٦٣ گۆڕی بەکۆمەڵە کە ڕوفاتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە خۆ دەگرێت.

ئەم گۆڕە بە کۆمەڵانە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە ڕوی دۆکیومێنتەوە تا ڕادەیەک بێ ناسنامە بوون و تەنها هەندێکیان دیوارەندیان بۆ کرابوو. گۆڕەکانیش ناوچەی جوگرافیان جیاوازە و قەبارەی گۆڕەکان جیاوازە و ژمارەی شەهیدەکان لەقۆنۆغ گۆڕەکان دا جیاوازە، هەربۆیە زۆر گرنگ بوو کە ئەم گۆڕە بە کۆمەڵانەی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە چ لە نێو گۆڕەکانی هەلەبجەدا و چ لە نێو گۆڕستانەکانی ئێراندا وەک دۆکۆمێنت بناسێنرێن.

من وەک خاوەن شەش شەهیدی کیمیاباران و وەک شایەتحاڵی کیمیاباران لە مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیاباران، هەوڵمدا ئەم ئەرکە بخەمە سەرشانی خۆم. لە ساڵی ٢٠١٣ دەستم کرد بە کارەکەم و سەرەتا زانیاریم کۆکردەوە لە سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی کیمیاباران و لیدوانم وەرگرت لە هەندی لەو خۆبەخشانە ی کە لە دوای چەند ڕۆژێک لە ئاوارەیی لە وڵاتی ئێران گەڕابوونەوە و بەشداربوون لە کۆکردنەوە و ئەسپەردەکردنی شەهیدانی کیمیاباران لە نێو گۆڕەکان دا. تا ڕادەیەک زانیاریەکانیان زۆر هاوکارم بووە لە سەرخستنی کارەکانمدا و پاشان دەستم کرد بە وێنەگرتنی سەرجەم گۆڕەکان و ڕووپێوی گۆڕەکان کراوە بە مەتر کە هەر گۆڕێک چەند مەتری چوارگۆشەیە و قوواڵیی گۆڕەکان چەند مەترە و چەند شەهیدیان تێدایە تۆمارم کردوە و ناوچەی جوگرافی گۆڕەکان دەکەوێتە چ جێگایەکی شاری هەلەبجە، زانیاریم نوسیوە لەسەرئەوەی گۆڕەکان بەچی هەلکەندراون، بەدەست یان بەشۆفل و حەفارە و بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوان سلێمانی نەخشەی سەرجەم گۆڕەکان کراوە بە ئامێری GPS، بۆ ئەوەی لە نەخشەی گۆگڵدا جێگای بکەمەوە.

جگە لە ناسنامەی گۆڕەکانی هەڵەبجە، هەر لەم کتێبەدا سەرجەم گۆڕی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەم لە ولاتی ئێران بە وێنە و بە زانیاری تەواوە تۆمارکردوە کە ژمارەی شەهیدەکانی هەلەبجە لە ولاتی ئێران سەرو ٧٠٠ شەهیدە و لە شارە جیاجیاکانی ولاتی ئێراندان.

ئەم بەرهەمە یەکەم کارە لەسەر ئەم کەیسە کراوە و دەتوانم بڵێم کتێبی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە بووەتە ناسنامەیەکی کامڵ و خێرا بۆ ناساندنی گۆڕەکان بە خوێنەری کتێبەکە و سەرچاوەیەکی باشە بۆ خوێندکاران بە مەبەستی توێژینەوەی زانستی لە سەر تاوانکاریەکانی ڕژێمی بەعس. ئێستە ئەم کتێبە لە مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەر دەستە و بە هەدیە دەدرێتە قوتابخانەکان و ڕێکخراوەکانی گەشتیاری و هەندێ لەو وەفدە سیاسیانەی کە دێنە هەڵەبجە.

چیرۆکی ١٦ ساڵ ژیانی دوای کیمیاباران لە نێوان ئێران و پاکستان و ئەفغانستان و ئۆزبەگستاندا

خولانەوەی گەنجێکی هەڵەبجەیی بە دوای ژیاندا

– زەحمەت نەبێ خۆتان بناسێنن:

+ من ناوم محمود حەمە ئەمین محمودە، لەدایک بووی ساڵی ١٩٦٥ی هەڵەبجەم، لە گەڕەکی کانی قولکە کۆلانی دار الاحسان.

– جەنابتان خوێندکاری زانکۆ بوون لە بەغدا چۆن بوو لە ٣/١٦ گەڕانەوە هەڵەبجە؟

+ بەڵێ ساڵی ١٩٨٨ خوێندکاری قوناغی دوو بەشی کیمیا بووم لە شاری بەغدا، لە گەڵ نزیک بوونەوەی پشووی نەورۆزدا گەڕامەوە هەڵەبجەو دواتر ڕێگای هەڵەبجە – سلێمانی گیراو کارەساتی ٣/١٦ ڕویدا.

– باشە ڕۆژی کارەساتەکە چۆن دەربازتان بوو لە هەڵەبجە؟

+ ئەو کاتە تەمەنم ٢٣ ساڵ بوو، ژمارەی خێزانەکەمان ٨ کەس بووین، خۆم و ٤ براو دایک و باوک و خوشکێکم، ئەوە بوو لە ڕێگای برایەکمەوە کە پێشمەرگە بوو زانیمان ڕژێمی بەعس بە کیمیایی بۆردومانی هەڵەبجە ئەکات، ئێتر دڵنیا بووین خۆحەشاردان لە ژێرزەمینەکانی شاردا سودی نیە بۆیە هەر لە سەرەتای بۆردومانەکە ئێمە لە شار دەرچووین و بۆ سەعات ١ی هەمان ڕۆژ چووینە گوندی عەبابەیلێ لە ٥ کیلۆمەتری ڕۆژهەلاتی هەڵەبجە.

– کەواتە شارتان لەناو دوکەڵی کیمیاییدا بینی لە دەرەوەی شار؟

+ نەک هەر شارمان لە ناو چڕە دوکەڵی کیمیایی و بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی عێراقدا بینی، بەڵکو لە ڕێگا هەزاران ژن و منداڵ و پیرو لاو مان بینی بە خێزانی و کۆمەڵ کۆمەڵ و گروپ گروپ لە تەنیشت ڕێگاکاندا خۆیان تەختی زەوی ئەکرد لە ترسی هاتوچۆو فەڕەی فڕۆکە جەنگیەکانی سەدام.

– دواتر بە چ ئاڕاستەیەکدا ڕۆشتن؟

+ کاتێک بینیمان شاری هەڵەبجە نوقمی کیمیایی و باروت بوو، ئومێدمان بە گەڕانەوە نەما، هەموو شار چۆلکرا جگە لەوانەی لە کۆلان و ژێرزەمینی ماڵەکاندا شەهیدو بریندار بوون، بۆیە ناچاری ڕێگای شاخی شنرۆیمان گرتە بەرو بە پێی ڕۆشتین تا گەشتینە دواین مەرزی شۆشمێ لە نێوان عێراق – ئێران.

– لە سەر مەرز بارودۆخی ئاوارە هەڵەبجەییەکان چۆن بوو؟

+ زۆر قەرەباڵغ بوو، حەشاماتێکی زۆر لەوێ بوو وەک ڕۆژی قیامەت، لە بەرامبەردا پێشوازی ئێرانیەکان لەو کاتەدا زۆر باش بوو، ڕێگایان کردەوە بۆمان، خواردن و پێداویستیان پێداین، ئێمەش ماندوو شەکەت، بێ پێچەف و برسی، ئەوە بوو ماشینی ئێرانیان بۆ هێنایین و خێزانەکەی ئێمە لە یەکتر دابڕاین.

– دواتر لە کوێ گیرسانەوە؟

+ دایکم و باوکم و خوشکێکم لە ئۆردوگای بەردەسیری کرمان نیشتەجێ بوون و منیش لەگەڵ ٤ براکەم لە ئۆردوگای هەرسینی کرماشان جێگیر بووین.

– بارودۆختان چۆن بوو لە ئۆردوگای هەرسین؟

+ لە ڕوانگەی خواردن و پێویستیەوە کێشەمان نەبوو، بووین بە خاوەنی چادری خۆمان و هەندێک پێداویستی سەرەتاییمان هەبوو ژیانمان ئەڕۆشت، بەڵام بە هۆی دابڕانمان لە دایک و باوکمان زۆر بێتاقەت بووین چەندەها ڕۆژ ئەجوومە دەرەوەی ئۆردوگا و تێزتێز بۆ وون بوونی باوک و دایک و خوشک و حاڵی خەڵکی هەڵەبجە ئەگەڕیام، بەڵام بێ پارە بووین، تەنانەت بیرمە برایەکم ماوەی دوو مانگ جوتێک پێڵاوی تاکەوتاکی لە پێدا بوو.

– چۆن لەگەڵ خێزانەکەت یەکتان گرتەوە؟

+ دوای دوو مانگ ڕۆژێکیان بە نیاز بووین بڕۆینە دەرەوە لە ئۆردوگا بۆ دۆزینەوەی دایک و باوکم و خوشکەکەم لە پڕ لە چادری تەبلیغاتی ئۆردوگاوە بانگەواز کراو ناومان خوێندرایەوە، ئێمەش کە ڕۆشتینە چادری تەبلیغات سەیر ئەکەین دایک و باوکم و خوشکەکەم لە کرمانەوە گەڕاونەتەوە بۆ ئۆردوگای هەرسین و ئێتر لە هەرسین نیشتەجێ بووین و دوای ٣ مانگ باوکم وەفاتی کردوو هەر لە ئۆردوگای هەرسین بە خاکمان سپارد.

– دواتر چی؟

+ دواتر ڕژێمی عێراق بریاری لێبوردنی دەرکردو خەڵکی هەڵەبجە زۆرینەی گەڕانەوە بۆ عێراق، بەڵام ئێمە متمانەمان بە ڕژێمی بەعس نەبوو، هەر بۆیە کە ئۆردوگاکە چۆلکرا، دوای ٢ مانگ داوامان کرد لە بەر ئاسودەیی ڕۆحمان نزیک بین لە گۆڕەکەی باوکم و لە سنووری کرماشان بمێنینەوە.

ئەوە بوو بەرپرسانی ئۆردوگای ڕازی بوون بچینە ئۆردوگای گەلیاران لە نزیک شاری کەنگاوەر.

– ژیانتان لە ئۆردوگای گەلیارانی کەنگاوەر چۆن بوو؟

+ لە گەلیاران ژیانمان زۆر باش بوو لە چادر ڕزگارمان بوو، چوینە ناو خانوو، بەڵام دوای ٧ مانگ ئاغای عەلی ئەکبەر موحتەشیمی پور، وەزیری کێشوەر لە کابینەی میرحوسەینی موسەوی ئەو سەردەمە، لە ڕۆژنامەی فەرمی ئێران ڕایگەیاند» کە ئەوەی عێراقیە ئەتوانیت سەفەر بکات بۆ دەرەوەی ئێران و ئێمە هیچ ڕێگرییەکی یاساییان لێ ناکەین، ئەوە بوو ئێمە کە ٧ خێزان بووین پڕ بکەینەوەو بچینە ئەمریکا، ئەوە بوو ساڵی ١٩٩٠ چوینە تاران و موافەقەتی باڵیۆزخانەی پاکستانمان وەرگرت و دواتر تکتی پاکستانمان بڕی و هەر ٧ خێزانەکە چوینە ویلایەتی بەلوجستان لە شاری کویتە لە پاکستان.

– لە شاری کویتەی پاکستان چیتان کرد؟

+ لە کوەیتە چەن قەومیەتێکی تیایە لەوانە کوردو فارس و بەلوچ بۆ ئێمە ئاسانتر بوو تەعامولیان لەگەڵ بکەین چونکە فارسیەکەمان باش بوو، بەڵام کوردەکەیان تەنها شانازیان ئەکرد بەوەی کە باوباپیریان کورد جگە لەوە نە زمانی کوردیان ئەزانی نە جل و بەرگی کوردیان ئەپۆشی، بەڵام شۆرەت و نازناوەکانیان هەر لە سەر کونیەی کوردی بوو.

یەکەم مانگ چوینە خانوویەکی کرێ بەڵام دواتر کە خۆمان ناساند هەڵەبجەبین و لە ژێربۆردومانی کیمیایی ڕزگارمان بووە زۆر باش هاتن بە دەمانەوەو مانگانەیەکی باشیان بۆ بڕینەوەو خەستەخانەو خوێندن و هەموو پێویستیەکیان بۆ دابین کردین، لە بارەی ڕوداوی ٣/١٦ وە زانیاری باشیان هەبوو نەتەوە یەکگرتووەکانی پاکستان.

بەو شێوەیە ماینەوە نەمانتوانی بچینە ولاتی سێیەم تا ٨ ساڵ پاشان هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان چوونە ولاتی سێیەم واتە ئەمریکا جگە لە من .

هۆکار چی بوو تۆ ١٩٩٨ نەچویت لەگەڵ خێزانەکەت بۆ ئەمریکا؟

+ من لەو ماوەیەدا بێ ئومێد بووم بچمە ڕۆژنامە ئێرانیەکەمان بردە ئیدارەی ئیتلاعات و شەهرستانی کەنگاوەر دواتر چاوپێکەوتنێکی سادەیان لەگەڵ کردین و وتیان» ئازادن هەرکات بتانەوێ ئەتوانن لیزە باس واتە ئیجازەی خروج از ایران وەربگرن و سەفەر بکەن بۆ دەرەوەی ئێران .

– دوای ئێران ئێوە چوونە چ ولاتێک؟

+ ئێمە بەنیازی ولاتی سێیەم بووین لەوانە ئەمریکا، بەڵام سەیر لەوەدا بوو ئەبوایە لە سەر گیرفانی خۆمان قیزا وەربگرین و مەعامەلات بکەین ئەوەش بۆ ئێمە سەخت بوو.

– دواتر چی؟

+ دواتر هەوالمان بیست لە ولاتی پاکستان لە بەشی پەناهەندەکان هەیە لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەتوانن چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بکەن و فۆرم دەرەوەی ولات هەر بۆیە ساڵی ١٩٩٦ هەواڵم زانی کە لە ولاتی ئەفغانستان واتە، نەتەوە یەکگرتووەکانی کابوڵی پایتەخت، بە ئاسانی چاوپێکەوتن ئەکەن و ئەتوانم بچمە ولاتی سێیەم.

ئەوە بوو من لەگەڵ کورێکی ئەفغانستانی خۆم گەیاندە شاری مەزار شەریفی ئەفغانستان و نەتەوە یەکگرتووەکان لەوێ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردم و ماوەی ١ ساڵ لەوێ مامەوە.

– ژیانت لە مەزار شەریفی ئەفغانستان چۆن بوو؟

+ ژیان چۆنە خۆت بەتەنها بژیت؟ بەڵام بە ئومێدەوە بووم بچمە ولاتی سێیەم بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێ ئومێد ئەبووم لە نەتەوە یەکگرتووەکانی مەزار شەریفی ئەفغانستان، چونکە ئەفغانستان بوو بووە ململانێی هێزە ئیسلامیەکان، ئەوە بوو دوای ١ ساڵ لە مەزار شەریف هەڵهاتم و چوومە شاری تاشقەن لە ولاتی ئۆزبەگستان. ماوەی ٦ مانگ لەوێ مامەوە بە ئومێدی ئەوەی بچمە ولاتی ئۆکراین کە دراوسێی ولاتانی ئەوروپایە. لە پڕ نامەیەکم بۆ هات لە پاکستانەوە ئەو سەردەمە موبایل نەبوو نوسرابوو،بەهیە علی عبدولکەری، کە ناوی دایکمە ناوی دەرچووە بچێتە ئەمریکا، ئێتر منیش تا گەڕامەوە شاری کوەیتەی پاکستان چەن مانگێکم پێ چوو، کاتێک گەشتمە پاکستان سەیر ئەکەم دایکم و براکانم هەرهەموویان لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چونەتە ولاتی سێیەم و لە ئەمریکا نیشتەجێ بوون.

– ئەی چارەنوسی تۆ؟

+ چارەنوسی من نادیار بوو، دواتر سەردانی نەتەوە یەکگرتووەکانم کرد لە کوەیتەی پاکستان و وتیان» بۆ ئامادە نەبوویت تازە هەلی سەفەرکردنت لەدەست داوە بۆ ولاتی سێ یەم ئەبێ سالێکی تر چاوەڕێ بکەیت، هەرچەن وتم ژیانم نەڕۆشتووە بۆیە چومەتە شاری پیشاوەر بۆ کارکردن هیچ سودی نەبوو.

– دوای سالێک لە کوەیتەی پاکستان چی ڕویدا؟

+ دوبارە لە پاکستان بوومەوە بە پەنابەرو نوسراوم لای براەریکی ئەفغانیەوە هێنا کە لە پیشاوەر دوکانی فەرش فرۆشی هەبوو منیش لای ئەو کارم ئەکرد، ئەوە بوو دوای سالێک ناوم هاتەوە سەفەر بکەم بۆ ولاتی نیوزلەندا، بەڵام من ڕەفزم کردو وتم» من خێزانەکەم لە ئەمریکایە تازە برۆمە نیوزلەندا دیسان بە تەنها بژیم؟!

ئەوە بوو سەفەرکردنم بۆ ولاتی نیوزلەندا ڕەفز کردو دانیشتم دەستم دایە کاری وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی، چونکە ئەو سەردەمە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگێڕی کوردی بۆ ئینگلیزیان نەبوو، دوای ٢ ساڵ لەگەڵ ستافی نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر تێکەڵاو بووم وتم پێیان « کاکە ئەوە حاڵی منە، خێزانەکەم لە ئەمریکایە کارێکم بۆ بکەن بە خێزانەکەم شاد ببمەوە، ئەوە بوو بەرپرسەکەیان دڵنیای کردمەوە کە ئارامی ناوچەکە و بە تایبەتی کە لە نێوان عێراق و ئێراندا شەڕ نەماوە نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ بیانوویەکی نیە بۆ گەیاندنی ئاوارەکان بە ولاتی سێیەم.

– ئەی چارەسەر؟

+ لە ساڵی ٢٠٠٢ بیرم لە ژنهێنان کردەوە، هەر لە کوەیتەی پاکستان خێزانێکی کوردی هەولێری لێ بوو لە دووڕەوە یەکترمان ئەناسی، ئەوە بوو لە ڕێگای هاوڕێیەکمەوە کە خەڵکی خۆشناوەتی هەولێر بوو، بابەتەکەم کردەوە لەگەڵیانداو دواتر هاوسەرگیریمان کرد.

– تا کەی لە شاری کوەیتەی پاکستان مانەوە؟

+ تا ساڵی ٢٠٠٦ لە کوەیتە مامەوە دریژەم بە خوێندندا و خۆم سەرقاڵ کرد بە فێربوونی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر.

لە تافتان شتێکی سەیر لەو مەرزە ڕویدا ئەوە بوو کارمەندێکی ئیدارەی مەرزەکە لەکاتی پێدانی پاسپۆرتەکە ناوی کوڕەکەمی بینی نوسرابوو هەرسین پرسیاری لێ کردم و وتی» تۆ لە پاکستان ئەژیت و ئەم کوڕەت لەدایک بووی پاکستانە، ئەی ئەم ناوە چیە لێت ناوە هەرسین؟

فایلی تایبەت بە یادمانی کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە

ـ کەی کۆیتەی پاکستانت جێهێشت ؟

+ ساڵی ٢٠٠٦ بێ ئومێد بووم بڕۆمە وڵاتی سێیەم ناچار بیرم لە گەڕانەوەی یەکجاری کردەوە بۆ عێراق و دواتر بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوە بوو لە پاکستان چوومە باڵیۆزخانەی عێراق و بە ئاسانی پاسپۆرتی عێراقیان داپێم و بە شێوەی ترانزێت ڤیزای عێراقم وەرگرت.

– چۆن مەرزی تافتانی پاکستان و ئێرانت بڕی ؟

+ بیرمان نەچێت ساڵی ٢٠٠٣ کۆڕێکم بوو وەک وەفایەک بۆ ئۆردوگای هەرسین کە گۆڕی باوکمی لێ بوو کۆڕەکەم ناو نا هەرسین، ساڵی ٢٠٠٧یش کۆڕێکی ترم بوو ناوم نا هەریاد، ساڵی ٢٠١٤ش کچێکم بوو بە یادی گەلیارانی کەنگاوەر ناوم نا یاران.

ئەوە بوو ڤیزاکەی باڵیۆزخانەی عێراق بۆ ماوەی ٦ ڕۆژ بوو بە شێوەی ترانزێت واتە گوزەرکردن بوو بە ناو ئێراندا، ئێتر سەرەتا لە شاری کۆیتەوە چوومە مەرزی تافتان. لە تافتان شتێکی سەیر لەو مەرزە رویدا ئەوە بوو کارمەندێکی ئیدارەی مەرزەکە لەکاتی پێدانی پاسپۆرتەکە ناوی کۆڕەکەمی بینی نوسرابوو هەرسین پرسیاری لێ کردم و وتی» تۆ لە پاکستان ئەژیت و ئەم کۆڕەت لەدایک بووی پاکستانە، ئەی ئەم ناوە چیە لێت ناوە هەرسین؟

منیش وتم» راستی ڕوداوەکە ئەوەیە من هەڵەبجەییم و لە ڕوداوی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لە ئۆردوگای هەرسینی کرماشان گیرساینەوە، وە باوکیشم لەو ئۆردوگایە وەفاتی کردووەو ناشتوومانە، منیش وەک وەفایەک بۆ ئەو ساڵەی لەوێ ژیاوم ئەم کۆڕەم ناوناوە هەرسین. هەر وام وت» کارمەندی مەرزە لە بڵندگۆی مەرزەکەوە بە دەنگی بەرز رایگەیاند: «هیچ کەس کەلوپەلی ئەم خێزانە نەبشکێنێت.»

– هۆکارەکەی ناوی کۆڕەکەت بوو ؟

+ تەنها ناوی کۆڕەکەم نەبوو، بەڵکو هەستی بە وەفاداری ئیمە کرد بەرامبەر بە ئۆردوگای هەرسین، ئەگینا ئاسان نەبوو جانتاکانمان تەفتیش نەکرێت، تەنانەت هەر لەو کاتەدا گۆرانیەکی سوننەتی ئیشی ئەکرد لای بردو وتی «ئەم گۆرانیە بە خۆشی گەرانەوەی ئەم ماڵە کوردە وەفاداربە بە هەرسینیەکان ئەوا گۆرانیەکی کوردیم خستە سەر.» ئێتر زۆر خۆش بوو .

– دواتر چۆن گەیشتنە مەرزی باشماخ ؟

+ ئیمە هەر لە شاری کۆیتەکە دەرچووین برایەکم لە ئەمریکاوە گەڕایەوە سلێمانی و لە مەرزی باشماخ چاوەڕێمان بوو، ئیمەش لە مەرزی پاکستانەوە چوینە ئەسفەهان و دواتر بۆ شاری سنە و پاشان مەرزی باشماخ و دواتر دوای مانگێک لە سلیمانی گەڕاینەوە سەر خانووە روخاوەکەمان لە گەڕەکی کانی قولّکەی هەڵەبجە. پاشان بە هۆی زانینی زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی و لە ریگای چەن دۆستێکەوە لە مۆنۆمێنت و مەزاری هەڵەبجە کە سومبولی قوربانیەکانی شارەکەمانە بە ناونیشانی بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکان دامەزرام.

– ئێستا ئاسودەیت ؟

+ بەڵێ زۆر ئاسودەم کە ئەتوانم ئەوەی فێربووم لە زمان و لە بەرنامەکانی مۆنتاژ و کۆمپیوتەر خزمەتی پێ بکەم لە فەرمانگەکەم.

– سەرکەوتوو بیت.

+ سوپاس بۆ جام کوردی کە ئەم هەلەی بۆ ڕەخساندم .

کەنالّی العربیة، لە نێوان جەلاد و قوربانیدا

کامیل عەبدولقادر – وتەبێژی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

ساڵی ٢٠٠٤، پاش ڕوخان و تێکشکانی سەدام، لە وەزارەتی مافی مرۆڤ و کاروباری ئاوارەو ئەنفالەوە، داوام لێکرا، لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارم کاک ئاراس عابد، دیدارێک ئەنجام بدەم لەگەڵ تیمێکی العربیةدا.

بە نوێنەری وەزارەت ،کە هاوڵّی تیمەکەی العربیة بوو، گوتم: کەنالّی العربیة چۆن ڕاستییەکانی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئازارەکانمان دەگوازێتەوە بۆ دونیا؟! گوتیان: دڵنیابە بڵاوی دەکاتەوە.

لەسەر ئەو بنەمایە من و کاک ئاراس نزیکەی ٣ کاتژمێر هاوڵیان بووین و هەموو شتێکی پێویستمان بۆ باس کردن و تەنانەت گۆڕە بەکۆمەڵەکانی هەڵەبجەو ئەو ژێرزەمینانەش کە بەکۆمەڵ خەڵکی سڤیلی هەڵەبجەی تێدا شەهید بووبوو پیشاندان.

تیمەکەی العربیة ڕۆشتنەوە، زۆر چاوەڕێمان کرد ئەو دیدارەی ئێمەیان هەر بڵاو نەکردەوە، یەک خولەکی کەنالّەکەیان نەبەخشی بەو دیدارەمان، تاوەکو ئەمڕۆش هەر چاوەڕێین! .

کەچی کەنالّی ئاسمانی العربیة، کە شانشینی سعودیەی عەرەبی پشتیوانی دارایی دەکات، لەم ڕۆژانەدا دیدارێکی دوور و درێژی لەگەڵ کچی گەورەی دیکتاتۆر صدام حسین ئەنجامدا. دیدارێک کە ئامانج لێی سپیکردنەوەی ڕووی چڵکنی بەعسییەکان بەگشتی و بنەماڵەی "المجید" بەتایبەتی و خودی دیکتاتۆر بەتایبەتیتر بوو. رغدە ویستی باوکی درندەی وەک فریشتەیەکی فریاد ڕەس وێنا بکات. ویستی باوکی وەک قارەمانێک وێنا بکات کە خۆی کردۆتە قوربانی سەربەرزی و خۆشگوزەرانی میللەتەکەی.

باوکی رغد خاکی عێراقی لێ کردین بە گۆڕستانێکی گەورە، لە هەر کوێیەکدا خاکێک هەڵ بدەیتەوە ئیسک و پروسکی شەهیدێک دەردەکەوێت، کە بەدەستی باوکی خوێنڕێژی ئەو شەهیدکراوە، کەچی ئەو دێ و دەڵێت باوکی پیاوێکی درندە نەبووە.

ئەو وڵاتە عەرەبیانەی خەرجی شەڕی عێراقیان لە ئەستۆ گرت، ئەو وڵاتە عەرەبیانەی پشتیوانی دارایی و سەربازیان حکومەتی بەعسیان دەکرد بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کورد، هەتا ئەمڕۆش پشتیوانی هەتیوکەوتووەکانی ئەو ڕژێمە سەرکوتکەرە نامرۆڤانە دەکەن. هێنانە پێش و میواندارێکردنی رغد و دایکی رغدیش لەلایەن ئەردەن و هەندێک لە وڵاتانی کەنداوەوە گەواهی ئەم وتانەی منن.

ئێستاش لەو باوەڕەدام باوکی رغدە ئەگەر تا ئەمڕۆش بمایە هەواشی لە قەدەغەدەکردین و لە هەناسەدانیش مەحرومی دەکردین، هەموومانی ناچار بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندنی سپیەکان دەکرد.

دوا هەناسەی شارێکی خنکاو



کاروان علی

هەڵەبجە جیا لە گشت شەڕ و کاولکاریەک لە بری ئەوەی شار خاپوور بکرێ، هەناسەی ژیان لەسەر دانیشتوانی شارەکە قەدەغەکراو بە دەستی هەمان ئەو وڵاتەی مرۆڤەکانی هەڵەبجە هاونیشتمانی بوون، مەرگیان لە بری ژیان و پێشکەوتن کردە خەڵات.

هەڵەبجە ئەو کارەساتەیە هاوشێوەی نیە لە جیهاندا، قەت نەبووە ئەو وڵاتەی کە خۆی بە خاوەنی شارێک بزانێت، مەرگێکی بە کۆمەڵی زۆر دڕاندانە ببەخشێتە هاوڵاتیانی خۆی، بڕینی هەناسە لە شارێک گەورەترین تراژیدیای سەدەی ڕابردووە کە نیوەی شارێکی لە ساتەوەختێکی زۆر کەمدا بەرەو مەرگی یەکجاری کەمەندکێش کرد.

هەرچەندە زۆری نەبرد لە دوای کارەساتەکە، هەڵەبجە سەری ئەو حکومەتە زاڵمەی خوارد و دەستی لەسەر فەرمانڕەوایی ئەو شارە نەما و حوکم و ژیانی کەوتە دەست خەڵک و حکومەتی وڵاتی ڕەسەنی خۆی، بەڵام بە داخەوە ئەوەی بۆ ماوەی سێ یەکی سەدەیەکە، نەتوانرا ئەو شارە بگێڕنەوە بۆ پێش سەردەمی ئەو تراژیدیا نەگریسە و هەتا ئەم ساتە وەختە نەتوانراوە تیماری برینی ساڕێژ نەبووی ئەو شارە بکرێ.

تا ئەم ساتە وەختە و لەم سەردەمەی پێشکەوتنەدا نەتوانرا جوانی بگێڕنەوە بۆ ئەو شارە هاوشێوەی پێش خنکانی، کە دەبوایە لە بری ئەو قوربانیە گەورەییەی کە بەخشیویەتیە وڵاتەکەی خۆی، ئەم شارە هاوشێوەی شارە جوانەکانی دونیا بڕازێنرایەتەوە و بکرایەتە جوانترین شاری وڵات، دوای ٢٩ ساڵ لە حکومڕانی کورد، هەڵەبجە هەتا ئێستا شارێکی داخراوە و نەتوانراوە ئەو دەروازانەی دەیکاتە شارێکی کراوە کاری بۆ نەکراوە و بگرە زۆر پشتگوێ خراوە لە ڕووی ئاوەدانی و گەورە بوونەوە.

هەڵەبجە ئەو شارەبوو هەناسەی خۆی بەخشیە وڵات، بەڵام کاربەدەستانی وڵاتەکەی لە گەورەیی ئەو بەخشین و قوربانیە تێنەگەیشتن.

چەمکی کیمیاباران و خەونی جینۆساید

د. هێمن کریم
م. زانکۆ لە زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور

کیمیابـاران کردنـی هەڵەبجـە واتـە ئـەو ڕۆژەی هەمـوو بەهایەکـی مرۆڤایەتـی و مرۆڤ دۆسـتی و مرۆڤ پەروەری پێشـێل کرا، بۆیە لـە ١٩٨٨/٣/١٦ دا قیزەونترین چەکی کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی هەڵسـەنگێنرا، تاقیکرایـەوە، بۆیە هەموو سـاڵێک لەو ڕۆژەدا کۆمەڵێک یادەوەری ناخۆش بە بیرکردنەوەماندا دێـت و دەقێکی تراژیدا دێتـە ئـاراوە. بیرکردنەوە لەو تراژیدیایانـە دەمان باتەوە بۆ سـەردەمی سـەددامی دیکتاتـۆر، کەهیچ بەهایەکـی مرۆڤایەتـی بەرامبەر بە نەتـەوەی کـورد نەپاراسـتووە، بۆیە لە هـزر و ناخی هەڵەبجەیەکانـدا نـاوی تێکەڵە بـە دونیایـەک وێنەی تراژیدیا.

سـەبارەت بـە پێشـێلکردنی مـاف و تاوانکاری بەرامبەر بە گەلی کـورد، بەهەمـوو تاوانەکانی وەک: ئەنفـال، کیمیابـاران، ڕاگواسـتن، تەعریـب کـردن، کۆمەڵکـوژی، ئەنفالـی بەرزانییـەکان، ڕاگواسـتنی فەیلیـەکان، بۆمبـاران کردنی قـەڵادزێ، ڕاگواسـتنی پشـدەر و دەوروبـەری، ڕاگواسـتنی سەیسـادق، ڕاگواسـتنی مخمـور، بۆردووومانـی ئۆردووگاکانـی زێـوێ، کۆمەڵکـوژی ئەشـکەوتی دەکان و گونـدی سـۆریا، چەندەهـا تاوانیتـر، لـە بـەر ڕۆشـنایی ئەو پێـوەر و پێوانانەی کـە لـە پەیماننامەی پێشـگرتن و سـزادانی تاوانکاری جینۆسـایددا هاتوون، کە لە ٩ی دیسـمبەری سـاڵی ١٩٤٨ لە لایـەن کۆمەڵەی گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک بڕیاری تایبەت بە ژمارە ٢٦٠ بڵاوکراوەتـەوە، دەتوانرێت کۆی ئـەو تاوانانەی بەرامبەر گەلی کورد کراون، بە جینۆسـایید بناسرێن. بەپێی ماددەی ٢ی ئەو پەیماننامەیە کەبەم شێوە باس لە جینۆسـاید دەکات: جینۆسـاید هەموو ئەو تاوان و کردەوانەی سـەرەو و خواردە دەگرێتەوە کە دەرحەق بە گەلی کورد کراوە، بە مەبەسـتی لە ناوبردنی تەواو یان لە ناوبردنی بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی ڕەگـەزی و ئایینـی ئەنجام دەدرێـت، لەوانە کوشـتنی ئەندامانی ئـەم گرووپانـە، گەیاندنی زیانـی گیانی یان ڕۆحی بە ئەندامانی گرووپەکان، پێشگرتن لە زاوزێکردن واتە منالبـوون لە گرووپەکانـدا، ئەمانـە و چەندێکیتر پێشـێلکاری بوون بەرامبەر بە گەلی کورد، ئەگەر بێت و سەرجەم بڕگە و خاڵەکانی جینۆساید لێک بدرێتەوە بەتەواوی و بە ڕوونی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە یان دەردەکەوێت سـەرجەم ئەم تاوانانەی لە شالاوەکانی دژ بەگەلی کورد لە کوشتن و لە ناوبردن و ئەنجامدانی تاوان کە لەسـەرەوە ناومان هێناون بەرامبەر بە گەلی کورد دەچنە چوارچێوەی جینۆسـایدەوە. هەروەک لە ماددەی ٣ی ڕێکەوتنامەکاندا باس لەو تاوانانە دەکات کە ئەنجام دەدرێن و پێویسـتە بکـەر و ئەنجام دەرانی سزای یاسـایی بدرێن، کە ئەم کاراکتەرانە بوون، بکەر و ئەنجامدان و ڕێخەرانی کیمیابـاران کردنی هەڵەبجە لەلایەن دەوڵەتی بەعسـی و دیکتاتۆری فاشزمەوە کە بووە هۆی شـەهیدبوونی ٥٠٠٠ ژن و منداڵ و گەنج و بیرمەندان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە کیمیابارن کردنی هەڵەبجەدا، بۆیە هەڵەبجە بە سیمبۆڵی هێرۆشیما و شاری شەهیدان بە تەواوی هەموو جیهان ناسێنرا.

لەکیمیاران کردنـی هەڵەبجەدا هەر تاکێکی ئەو شـارە بهێنینـە قسـەکردن دونیایـەک وێنـەی تراژیـدی و مەرسیەنامە لە هزر و زەینیدا ماوەتەوە، من خۆم وەک منداڵێکی شاری شـەهیدان لەکاتی کیمیارارادا تەمەنم سـێ سـاڵ بووە کەهیچم لە بیرنایەتەوە بەڵام بەهۆی گێڕانەوەی بـاوک و دایکمانەوە وێنـەی کیمیابارانی لە مێشکمادا کێشراوە، چ چەرمەسـەری و نەهامەتییەک بەسەر گەلی کوردی بەدبەختدا هاتووە، باوکم دەڵێت: ئـەورۆژەی کیمیابارانی کراین هەموو گـەرەک لە مااڵی ئێمەدابوون بە حوکمـی ئەوەی ئێمە لـە خانوەکەماندا ژێرخانمـان هەبـووە یـان ژێرزەمیـن، کەئێسـتاش هەربەهەمان شێوە ئەو خانوەمان پاراستووە کە چەند خێزانێک لە کاتی بۆمبارانی هەڵەبجەدا تێیدا ماونەتەوە، کە ژێرخانێکی بچوک بـووە لەگەڵ ئەوەشـدا بووە بە قەڵغانێک بۆ نزیکەی ١٥ خێزان لە خزم و کەس وکار و هاوسێکانمان.

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دونیایەک لەم ترژیدیایانە لە خۆدەگرێت. هەر سەبارەت بە کورد، علی حسن مەجید، دەڵێـت: ڕاگواسـتنی کـورد ڕاناوەسـتێنم هەرکاتێک لە ڕاگوێـزان بووینـەوە لە هەموو شـوێنێک دەسـت دەکەین بە پەالماردانیان، لە جێگایەکی تردا دەڵێت: من هەموویان بە چەکی کیمیاوی لە نـاو ئەبەم واتە تاقیان لێ ئەبرم، بزانم کێ قسە دەکات؟ کۆمەڵی نێودەوڵەتی؟ یان وڵاتانی دووەلی عەرەبی؟ بۆیە دەڵێت: گوێ لەکەس ناگرم بۆ لەناوبردنـی گەلی کورد، بەعـس و صدام بۆ گشـت ئەندامانـی هەرەمـی پێکهاتـە تۆتالیتارییەکان دەسـەاڵتی تەواویـان پێدرابوو بۆ لـە ناوبردنی کورد ونەتەوەی کورد و شوناسی کورد.

ڕێبوار خالید

شیعرێک بۆ هەڵەبجە

فەرەیدوون سامان

گرێک خۆی دەسووتێنێت
گەیشتی بە کاروانی فریشتە سپی پۆشەکان
بە مێرگی عیشقی پیرۆزو
ئاوی جاویدانیت خواردەوە،
باش بوو زوو سەفەرت کرد
لەو سەرزەمینە ڕەشپۆشە وشکەاڵنە
درەختەکان لە هەر کوێیەک بن
لە بنجەوە هەڵدەکەنرێن
ڕۆژێ نییە
ساتێ نییە
سەری کۆترەکان نەبڕێن
پەرستگا...
دەستی نزاو پاڕانەوەی
هەرچی گەدا و شێت و ئاوارەیە،
زەمین، زەلکاوێکی بۆگەنە
خواوەندی شار
مێشوولەی خوێن مژو
ژەهر بەخشە
سەراپا خاکی پاکی پێ دەشت و چیاو کانی
هەڵوشیوە،
نیگەران مەبە
لەو ئاگرەی خۆی دەسووتێنێ
لەو ڕووبارەی بە دەستی خۆی
کەنارەکانی جێ دەهێڵێ
شەپۆلەکانی وشک دەکاتەوە
لەو خۆرەتاوی بێ وادە
هەر لە کازیوەرا ئاوا دەبێ
لەو کەوانەی یەکتر ڕاو دەکەن
سەری خۆیان دەکەنە دیاری
بۆ خوانی ڕاوکەران...
دڵگیر مەبە
لە کوێربوونەوەی کانیلەی کوێستان و
توانەوەی بەفری لوتکە
لەو هەڵدێرانەی کە ڕێبواران
خۆیانی لێ هەڵدەدێرن
لە دیواری سەر شەقام و
شووڕای شاری نەفرەت لێکراو
لە پەیامی ڕۆژانەی لیستی مردووان
ئیدی بۆچی نیگەرانی
کە لوتکە سەری لوتکە ببڕێ
کێو بەگژ کێودا بچێ!
بۆچ نیگەرانی
لە ژنانی ڕەشپۆشی شارەکەت
بوونەتە زیوانی هەمیشەیی گۆڕستان،
هەر تۆ تەنیا نیت
لە وڵاتی پشت هەورو
خەونی پەلکە زێڕینە و زاروۆکان
لە وڵاتی هەزاران تابلۆی غەمگینی
ئەستێرە چاو گەشەکان
لەوێ نەسیخوڕێ هەیە
ڕاپۆرت بنووسێ
نە ریکۆردی نەهێنی
نە یاساوڵەکان

شمشێرو تفەنگ بە دەستن
نە لە سەر هەر بست خاکێ
زیندانی چێنراوە
نە لە نێوان هەنگاو هەنگاوێک
هەزاران مین ڕواوە
نە براکان تف لە ئاوی جۆگەی خۆشویستی
یەکدی دەکەن
نە کەسێ بە فرمێسکی ئەویدی پێ دەکەنێ
نە بازگەیەک لە ناسنامە دەپرسێ
نە شۆفەڵ ماڵت بەسەردا دەڕمێنێ
نە تەوشی زمانی پیرەژن
ڕۆحی فەرهادەکان دەبڕێتەوە
نە تۆش بـە دووی سـێبەری دزراوی خۆت
دەگەڕێی
نە لە دووی زەردەخەنەی تۆراوی خۆت وێڵی
دڵگیرمەبە لەو سەفەرەت
سەفەری جاویدانی و سەفرازییە
مێژوو بۆ خۆی نێچیری قوربانییە
لە ئاسـت درۆی شاخداری پادشـا و قامچی
سوڵتانەکان
مێژوو لە بوونی خۆی شەرمەزارە
لە خوێندنەوەی هەڵەبجەی جەاللادەکان

دڵگیر مەبە
تۆ تەنیا نەبوویت
ئەوا
زەردەشت
عیسا
حەاللاج
لە خەنجەرو خاچ و تەنوورەکەیان بپرسە
لە کفن و خوێن و خۆڵەمێش و
کتێبە پیرۆزەکان بپرسە

هەرتۆ تەنیا نەبوویت
ئەی پەرچەمی بڵندی ڕەنگاو ڕەنگی
وڵاتە بێ ناسنامەکەت
ئۆغرت خێر
لەوێ لە پشت هەور و
ئەو دیوم باڵی ئەستێرە چاوبزەکان
پێیان بڵێ
ئێستا دیاکۆ
تاجی سەرفرازی میدیای لە سەرناوە
بەقەد نمەمی گەورەی
کێوە سەرکەشەکان
بە قەد باڵای درێژی
ڕووباری خوێنی کۆترەکان
گەورەبووە.
ئۆغرت خێر...

دیمانەیەک لە گەڵ دوکتۆر حەمیدرەزا موجەڕەدی

دونیا قەرزدار و منەتباری هەڵەبجەیە

لە پازدەی مارسی ١٩٨٨ دا سەدام حسێن حاکمی بێرەحم و دڵڕەقی ئێراق دەستی دایە بۆردوومانی کیمیایی شاری هەڵەبجە و خەڵکەکەی قەراچۆ کرد. ئەم کارەساتە ناخ هەژێنە میژوویییە لاپەرەیەکی پڕشوورەیی لە میژووی مرۆڤایەتییە کە جگە لە سەدام حسێن، ئەو وەلاتانەش وا چەکی کوشتاری بەکۆمەڵیان لە ئیختیاردا داناوە لەم کارەساتەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.

لەم بارەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ بەڕێز دوکتور حەمید ڕەزا موجەرەدی پێک هێناوە. ئەو کە ئێستاکە مامۆستای جیهادیی زانکۆی کرماشانە، لە کاتی بۆردوومانی هەڵەبجە لە یەکەم گرووپەکان بوو وا چووە ناو ئەم شارە. پوختە و ئاکامی گفتوگۆکەمان پێکەوە دەخوێنینەوە؛

کاک دوکتۆر تکایە سەرەتا خۆتان بناسێنن و پێمان بڵێن لە کاتی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەعس چ ڕۆڵێکتان دەگێڕا؟

من حەمید ڕەزا موجەرەدی، مامۆستای جەهادی زانکۆی کرماشانم. خەڵکی گیلان غەرب یەکێ لە شارۆچکەکانی پاریزگای کرماشان و نیشتەجێی شاری سنەم. لە کاتی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەعس، زۆرتر لە بەشی داڕمان و شەڕی مین ئەندازیاری ڕەزمی لە شوێنە جیا جیاکان بریتی لە دێهلۆران و میهران، قەسری شیرین و گیلانی غەرب و سەرپۆل زەهاو، پاوە و هەورامانات و...خزمەتم دەکرد. ماوەیەکیش لە بنکەی یەکەی نیزامی لە ریکخستنەکانی ئەرتەشدا خزمەتم کردووە.

بە پێی سەرنج دان بە جینۆسایدو کوشتاری بە کۆمەڵی ڕژێمی بەعس لە کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕۆڵی هێزەکانی ئێران چۆن دەبینن؟

من لەگەڵ دوو هاوڕێم لە بەرەبەیانی شەوی بۆمبارانەکە، واتە دوای ڕوودانی ئەم کارەساتە و بۆمبارانی وەحشیانەی خەڵکی بێتاوان و بێ دەسەلاتی هەڵەبجە، چوینە ئەم شارە. بە بڕوای من بۆمبارانی هەڵەبجە، ئەنفالی دووهەمی کوردەکان بوو. سەرشۆڕییەکە بە سەر میژووی مرۆڤایەتیەوە کە لە لایەن سەدامییەکان و بەعسییە کافرەکانەوە ڕووی دا. من هەندێ دیمەنم بە چاوی خۆم بینی کە هەتا ماوم بیرم ناچێتەوە. هەزاران هەزار ژن و منداڵ و پیر و گەنجی بێتاوان و مەزڵووم دەکوژران یان بە گیانەلاوە بوون. بێ هیچ لایەنگری و دەمارگرییەوە، من شاهیدی ئەوە بووم کە دوای هاتنی هێزە ئێرانییەکان بۆ ناو شار ئەوانەی بەجێماببوون، خەڵکی هەڵەبجە و دێهاتەکانی دەوربەری بە تایبەت دێهاتی عەنەب بە سەیارە گوزرانەوە بەرەو پاوە. دۆخ و جەوەکە ئەوەندە ناخ هەژێن بوو کە دڵی هەر مرۆڤێکی بریندار دەکرد. بە ڕاستی هێزە ئێرانییەکان تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ یارمەتی دان بە کارهێنا، بەڵام کارەساتەکە ئەوەندە جەرگبڕ و گەورە بوو کە پێویست بە کات و هەوڵدانی زۆرتر بوو.

کەواتە جەنابت لە یەکەم گرووپەکان بوون کە دوای بۆمبارانەکە چوونە هەڵەبجە، تکایە زۆرتر بۆمان باسی ئەو دۆخە بکەن وا لەوێ شاهیدی بوون:

شەوی بۆردوومانەکە لە کوێستانەکانی بیارە لە مەقەڕ بووین کە مەودایەک زۆری لەگەڵ هەڵەبجە هەبوو. کە بۆمباران کرا دوای چەند دەقە هەستمان بە بۆنی غازە ژەحراوییەکان کرد و دەست بەجێ هەموو، دەمامکی دژە غازمان لێدا. نیوە شەوێ بە سەیارەیەکی لە جۆری جیپ لە کوێستانەکانی بیارە بەرەو هەڵەبجە بەڕێکەوتین. لە تاریک و لێلی بەرەبەیاندا هەندێ کەس و بنەماڵە بەرچاو دەکەوتن کە توانیبوویان لە هەڵەبجە هەڵێن. باوکێک دەبینرا کە تەرمی منداڵەکەی بە دەستانەوە بوو. بنەماڵەیەکت دەبینی کە خەریکی هەڵقەندنی قەبر بۆ ئازیزەکەیان بوون و... هەر چی زیاتر بەرەو پێش دەچووین کارەساتەکە سەختتر و جەرگبڕتر دەبوو. کاتیک کە ڕۆشتینە نێو شاری هەڵەبجە یەکەم دیمەنێک کە سەرنجی ڕاکێشام؛ بنەماڵەیەکی چوار کەسی(ژن و مێرد و دوو منداڵ) لە حاڵەتی چوونە دەر لە ماڵدا لە ناو ئوتومبێلەکەیاندا بوون. سەرم سووڕما کە بۆچی ناڕۆن؟! چاوەڕێ کێن؟ کە چوویە پێشتر دیتمان هەموویان بە هۆی غازەکەوە خنکاون. بێدەنگ و مەڵووم هەموویان مردبوون. هەر کۆلان و شەقام و ماڵێکت دەدی پڕ بوو لە تەرم. گوندی عەنەب کە لە نزیکی هەڵەبجەیە خەڵکێکی زۆر لە ترسی بۆمباران پەنایان بۆ ئەوێ بردبوو. بەرەو عەنەب کە دەڕۆیشتین ئەوەندەی تەرم لێ کەوتبوو کە مەجبوور بووین دریژەی ڕێگاکە بە پێ بڕۆین. دۆخەکە زۆر لە هەڵەبجە خراپتر بوو. تەپۆلکەیەک هاوشێوەی دەرگا لە پشت گوندەکەوە بوو هەر لە داوێنی تەپۆلکەکە تا لووتکەکەی تەرم بوو، بە تایبەت تەرمی مێرمنداڵان—وەبەر چاو دەکەوت. زۆرینەیان بە کۆمەڵ و بنەماڵەیی لە ناو دێ لە دەوری یەک کۆ ببوونەوە و هەموویان خنکابوون. جیا کردنەوە و ناسینەوەی بنەماڵەکان زۆر ئاسان بوو. لە داوێنی دایکێک منداڵێکی چوار، پێنج ساڵانم بینی کە زیندوویە. دایکەکە لە پەنای جۆگەلەیەکی ئاو، جلەکانی و نەختێ پەڕۆ و مەلافەی(چەرچەف) تەڕ کردبوو و جگەر گوشەکەی لەوێ هاویشتبوو. بۆخۆی ئەندامانی بنەماڵەکەی بە مەزڵوومی مردبوون، بەڵام کۆڕپەلەکەی زیندوو مابوو. کۆڕپەلەکەم هێنا و تا ئێوارێ لای

کاتیک کە ڕۆشتینە نێو شاری هەڵەبجە یەکەم دیمەنێک کە سەرنجی ڕاکێشام؛ بنەماڵەیەکی چوار کەسی(ژن و مێرد و دوو منداڵ) لە حاڵەتی چوونە دەر لە ماڵدا لە ناو ئوتومبێلەکەیاندا بوون. سەرم سووڕما کە بۆچی ناڕۆن؟! چاوەڕێ کێن؟ کە چوویە پێشتر دیتمان هەموویان بە هۆی غازەکەوە خنکاون.

خۆم ڕامگرت. ئێوارێ دیتمان هەندێ کوڕ و کچ لە لای چۆمی دەربەندیخانەوە دێن کە لاواز و نیوەمردوو بوون و داوای یارمەتیان دەکرد. حاڵیان زۆر باش نەبوو و دەرماندا ببوون، بەڵام زیندوو مابوون. یەکێ لە کوڕەکان کە لەوانی تر بەتەمەنتر بوو منداڵەکەی وا لای من بوو ناسیەوە و منداڵەش ئەوی ناسی، گوتی مامی ئەو منداڵەیە و داوای لێکردم منداڵەکەی بدەمێ، منداڵەم دایێ و خێرا بە سەیارە بە مەبەستی چارەسەر کردن بەرەو پاوە بەڕێمان کردن. ئەوانەی بۆم باس کردن هەر چەند دیمەنی کەم لەم کارەساتە بوون. زمان و قەڵەمی ناقس و سەقەتی من لە نووسینی ئەوانەی دیتوومە کلۆڵن.

بۆچوونی نێوەتەوەیی سەبارەت بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و نەسڵ کوژی و ڕەگەزکوژی لەم قۆناغی زەمەنی چۆن بوو؟

بەداخەوە، کۆمەڵگەی نێوەتەوەیی هەموو هونەرەکەی هەر دەرکردنی بڕیارنامەیە. دنیا پڕ بووە لە زوڵم و زۆر، قازانج و کەرەستەی سیاسی و ئابووری، سەرتر لە حەق و بەرگری لە حەقە. بڕیارنامە دەر کردن هیچ دەردێک لە دەردی خەڵکی مەزڵووم دەرمان ناکا و گیان و ماڵی لە دەست چوویان بۆ ناگەڕێنێتەوە. من لە سەر ئەم بڕوایەم کە دونیا قەرزدار و منەتباری هەڵەبجەیە. ئەم وڵاتانەش وا چەکی کیمیاییان بۆ ئەم کۆمەڵ کوژیەیان خستوتە ئیختیار ڕژێمی بەعس و ئەنجام دان و تووش بوون بەم جەنایەتە تاوانبار و شەریکن.

بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە پێشگیری لە بڵاو بوونەوە و لە ناوبردنی چەکی ناوەکی، میکرۆبی و کیمیایی چییە؟

مەنع و پێش گرتن بە چەکی کوشت و کوشتاری بە کۆمەڵ درۆیەک زیاتر نییە. ئەم وڵاتانەی خاوەن ئەم چەکانەن زۆرتر لە هەموو وڵاتی دیکە لەم چەکانەیان لە ئیختیاردایە. ئەم جۆرە کۆمەڵکوژیانە دواڕۆژی مرۆڤایەتی بەرەو لە ناو چوون دەبەن.

جێگای باسە من و خەڵکی ئاسایی بە جیدی دژی بڵاو بوونەوەی ئەم جۆرە چەکانەین، بەڵام دژایەتی ئێمە بە تەنیا بەس نییە. ئیرادە و ویستی جیهانی لەم بارەوە نییە و ئەم بابەتە تێکەڵ بە سیاسەت و سوودی ئابوورییە، کەواتە بۆ ئەوە نابێ لە سەری حساب کەین و هیوادار بین.

وەکوو مامۆستایەکی زانکۆ پێمان بڵێن پێشینەی کەڵک وەرگرتن لەم چەکانە بۆ چ کاتێک دەگەڕێتەوە؟

بە بێگومان، بۆمبارانی هیرۆشیما و ناکازاکی لە ساڵی ١٩٤٥ لە ژاپۆن یەکێ لە کارەساتە تاڵەکانی میژووی مرۆڤایەتییە کە بووە هۆی کوشت و کوشتاری زیاتر لە ٢٢٠هەزار کەس. بۆمبارانی زۆری دیکە لە شەڕەکاندا ڕوویان دا، بەڵام جیاوازی هەمووی ئەوانە لەگەڵ بۆمبارانیی کیمیایی هەڵەبجە لەوەدایە کە لە بۆردوومانی هەڵەبجە ئامانج کوشتنی خەڵک بوو نەک هێزە نیزامییەکان.

بۆ پێش گرتن لە پەرەسەندنیان دەبێ چ کارێک بکرێ؟

بۆ پێش گرتن لە پەرەسەندنی چەکی کوشتاری بەکۆمەڵ، پێویست بە ئیرادە و هێزی نێونەتەوەییە. زۆر گەش بین نیم؛ ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانیی بە ڕاستی دژی پەرەسەندنی ئەم چەکانەیە، ئەی بۆچی ئەم چەکە وێرانکەرانە دروست دەکەن. دژایەتی کاتێک مانای هەیە کە هەموو کارخانەکانی ساز کردنی ئەم جۆرە چەکانە لە ناو بەرن و ئیزنی دروست کردنیان بە هیچ وڵاتێک نەدرێ. بەڵام سەدان و لەوانەیە هەزاران کارخانە شەو و ڕۆژ خەریکی دروست کردنی ئەم جۆرە چەکانەن. من لە سەر ئەم بڕوایەم کە هەر شتێک پێوەندی بە دۆخی ئابووری و سیاسەتەوە بێ دژایەتی و لە ناو بردنی ئاسان نییە.

بۆچوونتان سەبارەت بە هێمنایەتی و ئاشتی جیهانی و دۆستایەتی لە نێوان هەموو وڵاتانی جیهان چییە؟

بە گشتی، ئاشتی یەکێ لە ئاواتەکان و لە ناخی مرۆڤدایە، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات و لە بیرکردنی ئەم ئاواتە بەنرخەش وەکوو ئاوات و ئارەزووە بێگەرد و پیرۆزەکانی دیکە فەرامۆش کراوە. ئەمڕۆکە مرۆڤایەتی تینووی سوڵح و ئاشتییە، بەڵام هەر چی زیاتر کات تێدەپەڕێ زیاتر لە بیر دەچێتەوە و بە دەست هێنانی دژوارتر دەبێ.

ڕوانینتان سەبارەت بە دۆستایەتی و برایەتی لە نێوان کوردانی ئێران و ئێراق چۆنە؟

کوردەکانی ئێراق و ئێران لە یەک ڕەچەڵەک و یەک ڕەسەن و پێوەندی خزمایەتی زۆر لە نێویاندایە. کوردەکان هیچ کات شەڕخواز نەبوون و نین، بەڵام دایمە کەوتوونە داوی زوڵم و زۆرەوە.

ئایا ئەزموونێکیشتان لەم بارەوە هەیە؟

لە کاتی خزمەتم لە جیهادی زانکۆی ناوەندی کوردستان، بە هاوکاری تۆیژینگەی ڕوویان، لە نەخۆشخانەی ژینی شاری هەولێر، نوێنەرایەتی بانکی خوێنی بەنی ناوکی ڕوویانمان کردەوە. ئەم نوێنەرایەتییە لە خوازیارەکان نموونەی خوێنی بەنی ناوکی منداڵیان دەگرت و بۆ خەزن کردن دەماننارد نە دامەزراوەی بەنی ناوکی ڕوویان لە تاران. خوێنی بەنی ناوک بەخششێکی ئیلاهییە کە بەداخەوە لە کاتی منداڵ بوونداو، وەکوو زبڵی بیۆلۆژیکی فڕێ دەدرێ. ئەم خوێنە بۆ دەرمانی زۆرێک لە نەخۆشییەکان وەکوو تالاسمی، چاو، دڵ، پێست و... بەکەڵکە. لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش و نائەمن بوونی ناوچە، بەداخەوە بنکەکە داخرا. کارەساتی هەڵەبجە خودی سەدام کردی. دوو نەتەوەی ئێران و ئێراق دوو دراوسێی خاوەن پێوەندی لەمێژینەن. ئێرانییەکان و کوردەکانی ئێران ئەم جەنایەتە لە چاوی خەڵک و کەسی تر نابینن.

ئینشاللا حکوومەت و دەوڵەتەکانی ئێراق، زوڵم و زۆر و جەنایەتەکانی سەدام لە بیر نەکەن و لە بیری تۆڵە ستاندنەوەدا بن. بێگومان کە مانەوەی وڵاتانێک کە پێکهاتەی چەن نەتەوەن، بەزۆری پێرەوی پاراستنی مافی نەتەوەکانی خۆیەتی.

سازدانی وتوویژ: بابەک قەنبەری

ناسنامەی ئەنفالەکانی عیراق

هونەرمەند: ئاودێر عوسمان



هەڵەبجە سەلاحەدینێکی دیکە بۆ شوناسی کورد

کامیل محمد
خاوەنی چاپخانەی
چوارچرا – سلێمانی

دیارە کارەساتی مەرگباری هەڵەبجە، زامێک نییە هەرگیز زەمەن بتوانی ساڕێژی بکات. هەر تاکێکی کورد بدوێنی، بەشی خۆی لەو ئازارەدا بەشدارە. لێرەدا نامەوێت باس لە ڕووداوو و ئازارەکان بکەم، چوونکە زۆرجار دووبارە و چەند بارە کراوەتەوە. دەمەوێت تشێک بخەمە سەر ئەو لایەنەی ئێمە چەندە توانیومانە سوود لەو کارەساتە وەرگرین. چوونکە زۆرن ئەو ڕووداوانەی لە مێژوودا ڕوویانداوە. بۆ وێنە: هێرۆشیما، هۆلۆکۆست و چەندانی دیکەش هەن.

کە ئەمانە بوونەتە سومبول و شوناسی نەتەوەیی ئەو گەلانە و توانیویانە بۆ سوودی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن.

ئەگەر کەسێک سەردانی دەرەوەی وڵاتی کردبێ، بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی، دەزانێ کە وا سەلاحەدینی ئەیوبی، شوناسێکی بەرزی نەتەوەیی کوردە. من بۆ خۆم جارێک سەردانی وڵاتی میسرم کرد کاتێک لەگەڵ خەڵکی ئەکەوتینە وتووێژ، کاتێک پرسیار دەکراو و دەموت کوردم، بەشێک لەخەڵک کوردیان نەدەناسی، تەنها ناوی سەلاحەدین و هەڵەبجەیان بیستبوو.

هەمان ڕووداو لە وڵاتی سعودیە بۆم دووبارە بووەوە، هەڵبەت وەک وتمان خەڵکانی ئاسایی، تەنانەت هەندێک کەس پرسیاری کارەساتەکەیان دەکرد و دواتر پرسیاری ئەوەیان دەکرد، دەبێ ئێستا ئەوشارە بە چ شێوەیەک ئاوەدان کرابێتەوە؟ ئا لێرەدا بوو ئیدی تووشی سەرسوڕمان دەبووم. چوونکە ئەوەی من لێرە بینیبووم و ئەوەی ئەوان باسیان دەکرد، جیاوازییەکەیان ئاسمان و ڕێسمان بوو.

جارێکیتر لەگەڵ کەسێکی خۆمان کەوا دەمێک سال بوو ڕۆیشتبووە ئەورووپا و نەگەڕابوەوە، سەبارەت بە هەڵەبجە و جوانکردنی شارەکە کەوتینە گفتوگۆ. ئەو پێی وابوو دەبێ ئێستا شاری هەڵەبجە، شان بدات لە شانی شارە جوانەکانی دونیا، چوونکە ئاگای لە هەندێک شت هەبوو، کە لە دەرەوە بۆ هەڵەبجە کراوە. کاتێک وتم: برام ئەوەی تۆ باسیدەکەی خەیاڵێکی پڵاوە، سەری سوڕما. کەواتە دەتوانین بڵێین: ئێمە نەماتوانیوە سوود لەو پێناسە ڕاستەقینەیە وەرگرین و سەرنجی جیهان زیاتر بەرەو خۆمان و بردنە پێشەوەی کێشەی نەتەوەیی وەرگرین. خراپتر لەوەش ئەوەیە، دەبینین بەهۆی بیری تەسکی حزبییەوە هەڵەبجە نەک هەر پشتگوێ خراوە، بەڵکو هێندە کارەساتەکە بچووک کراوەتەوە، زۆری نەماوە لەبیر نەوەی نوێ بچێتەوە. ئەگەر لە نەوەی ئێستا بپرسین: شتێکمان لەسەر کارەساتی هەڵەبجە بۆ بنووسە، واق و ورِ ئەمێنێ و لاسیکی قەڵەمەکەی ئەخوات، بەڵام ئەگەر بڵێین لەسەر سەلاحەدین بنووسە، ڕەنگە زۆر بەخێرایی وەک بولبول بێتە گۆ. ئەمەش هۆکاری نەزانی پەروەردەییە، من نااڵێم با سەلاحەدین نەناسن، بەڵام با لانیکەم ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر ئەم وڵاتەدا هاتووە، لەگۆشەیەکی پرۆگرامی خوێندندا جێگای بکرێتەوە.

هەڵەبجە، ناوەندێک بۆ بیرەوەری و پێشەنگایەتی

کامیل مەحمود

هەڵەبجە مێژوویەکی دڕەوشاوە و دەوڵەمەندی هەیە و هەمیشە ناوەندێکی کاریگەری پڕ لە داهێنان و مەعریفە و بیری پێشکەوتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بووە، ئەگەرچی جوگرافیای شار و دەڤەرەکە بنبەست و دابڕاوە و لە ڕێگای ستراتیژی و لە سێگۆشەیەکی سنووریدایە، بەڵام پێچەوانەی پێگە جوگرافییە داخراوەکەی بەردەوام عەقڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خەڵکەکەی کراوە بووە و لە ئاستێکی باڵای بیرکردنەوەدا مامەڵەی لەگەڵ قۆناغ و پێشهاتە نوێیەکاندا کردووە.

لەم شارەدا هەرگیز لەبەرامبەر ئەفراندن و داهێنانی نوێدا دۆگمایانە مامەڵە نەکراوە و زەمینە بۆ کەسە داهێنەرەکان خۆش کراوە ئازادانە ئەسپی خۆیان لەبواوە جۆراوجۆرەکاندا تاو بدەن. ئەگەر قۆناغە مێژوویەکانی تەمەنی ئەم شارە بخوێنیتەوە دەبینین هەڵەبجە قوتابخانەی پێگەیاندن و گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان و بەتایبەتی توانای داهێنەرانەی بەهرەمەندانی کورد بووە.

شاعیرانی دێرین و خاوەن وشەی ڕەسەنی کوردی لە ڕەوشی ئەدەبی و ڕۆشنبیری شارەکە سوودمەند بوون، بەشێکی زۆری کەلەپووری ئەدەبی و بەتایبەتی شیعری کوردی ئیلهامی لەم ناوچەیەوە وەرگرتووە بەو پێیەی لانکەی لەدایکبوون و پێگەیشتنی بەشێکی دیار لەپێشەنگانی دێرینی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بووە.

هەر لەهەڵەبجەدا شیعری نوێ و ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی سەری هەڵداو شاعیری بەناوبانگی کورد عەبدوڵا گۆران بناغەی بۆ دانا، عەقڵی ژیاریانەی پاشاکانی جاف لە هەڵەبجەدا فەزایەکی بۆ فەرهەنگ و بیرکردنەوەی نوێ دروستکرد کە دەرهاوێشتەکانی بەهەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەوە دیارە.

هۆشیاری سیاسی خەڵکی هەڵەبجە لە ئاستێکی باڵادا بووە کە هەمیشە لەبەرامبەر دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی بینیوە و گیانێکی یاخیبوونی تیابووە بەرامبەر بەستەمکاری و پێشێلکارییەکانی دەسەڵات، بەتایبەتی ترۆپکی شۆڕش و بەرگری گەورەی لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا بوو کە لەهەموو قۆناغەکانی شۆڕش و خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا هەڵەبجە پێشەنگ بووە لە هەڵمەت و بوێری و قوربانیداندا.

هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەڵەبجەییەکان لە ئاستێکدا بووە کە هەموو خاوەن ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان هەڵەبجەیان بە ژینگەیەکی لە بار داناوە بۆ دیالۆگ و موخاتەبەی فیکری بەو پێیەی خەڵکەکەی ڕۆشنبیر و تێگەیشتووبوون و خاوەنی هەزرو بیرکردنەوەی خۆیان بوون، بەتایبەتی ڕابەرانی بزاوتی ئیسلامی هاوچەرخ کە هەنگاوی یەکەمی کارکردنیان لەشوێنەکانیتر سەخت بۆ هاتە پێش ڕوویان لەهەڵەبجە کرد و بەئاسانی یەکەم شانە و بازنەی ڕێکخراویان بۆ کاری ئیسلامی بنیات نا، لەو قۆناغەش بەدواوە و تا ئێستاش هەڵەبجە ناوەندێکە بۆ ئایینداری و پێشەنگایەتی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان دەکات، وەک چۆن لەبزووتنەوەی کوردایەتی و شۆڕشی نەتەوەیشدا پێشەنگ بووە.

دەتوانین بڵێین هەموو ئەم ڕۆڵ و کاریگەری و هەژموونە سیاسی و فەرهەنگی و مەعریفییەی هەڵەبجەییەکان وای لە دەسەڵاتداریەتی بەعس کرد لە کۆتاییەکانی تەمەنی خۆیدا گەورەترین تاوانی دڕندانە بەرامبەر بەهەڵەبجە ئەنجام بدات، ویستی لەسەر زەوی بیسڕێتەوەو بوون و کاریگەری لەنێو بەرێت، ئەوەبوو لە شانزەی سێی ١٩٨٨، بە بۆمبی کیمیاوی سەرەڕای وێرانکاری ژینگەی پاکی شارەکەشی ژەهراوی کرد و قەسابخانەیەکی مرۆیی گەورەی خولقاند کە مرۆڤایەتی هەرگیز لەیادی ناکات. بەڵام سەرەڕای پلانی نەگریسی ڕژێمی بەعس هەڵەبجە بەزیندوویی مایەوە و جارێکیتر ژیانی بۆ گەڕایەوە، ئێستا هەڵەبجە دیسانەوە کەوتووەتەوە ڕێ و بەرەو بەدیهاتنی تەواوی ئامانجە پیرۆزەکانی هەنگاو دەنێت، ئەو ئامانجانەی کەزیاتر لە پێنج هەزار گیانی ڕۆڵەکانی بۆ کردە قوربانی.

ڕێبوار خالید

هەڵەبجە شارێک بۆ هەمووان

رزگار حەمە ساڵح

ئەگەر ووردبینیەوە لە پێگە و شوێن و هەلکەوتەی شاری هەڵەبجە باش تێدەگەین کە بۆچی هەڵەبجە هەمیشە چەقی ململانێکان بووە و بووەتە جێگەی گرنگپێدانی دۆست و ناحەزانی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دانیشتوانی ئەم شارە هەرگیز و بە درێژایی مێژوو نەچووەتە ژێر باری هیچ یەکێک لە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق، هەر بۆ ئەمەش هەمیشە ڕژێمەکانی حوکمڕانی لە عێراقدا بیریان لە سڕینەوەی ئەم شارە کردۆتەوەو ویستویانە ئەو دەنگە ناڕازیانەی کە لەم شارەدا هەیبوو کزی بکەن یان لەناوی ببەن. بۆ نمونە، لە بوردوومان کردنی شار لە ساڵی ١٩٧٤کەچەندین ڕۆڵەی شارەکە کوژران و بریندار بوون وە چەندین گەڕەکی ئەم شارە وێران کراو زیانی مادیی گەورەی پێگەیشت. هەروەها ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٨٧ کە دووبارە چەندین ڕۆڵەی شارەکە زیندە بە چاڵکران و چەندینی تریش دوور خرانەوە بۆ شارەکانی خواروی عێراق، لەوانە دەستەیەک لە ژانایانی ئایینی و کەسایەتی شارەکە بە دەر نەبوون لەو زوولمەی ڕووبەڕوی دەکرایەوە. لە کۆتاییشدا کیمیابارانی شارەکە دوا بزماربوو کە ڕژێمی لە ناوچوی ئەو کاتی عێراق مرۆف کوژێکی وەک سەدام سەرپەرشتی ئەو تاوانەی دەکرد کە زیاتر لە پازدە هەزار ژن و پیاو و گەنج پیری کردە قوربانی مەرامە گاڵاوەکانی خۆی.

ئەم کردەوانە تەنها بۆ ئەوە بوو هەڵەبجە ببووە لانەی فکری ئۆپۆزسیۆن لە عێراقدا، سەرجەم ئەو کەسانەی لە باشووری عێراق تا ناوەڕاست و باکوری عێراق ڕوویان دەکردە ئەم شارە و بڕیاری بەرگریان دەدا وە خەڵکی ئەم ناوچەیە بە ڕۆحێکی زۆر مرۆڤدۆستانەوە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ پەڕینەوەی ئەو کەسانە کە دەرباز دەبوون لە دەستی ئەو ڕژێمە،

بۆیە پێم وایە هەڵەبجە توانی خۆی نمایش کات کە فەرهەنگ و ئاستی بەرزی کۆمەڵایەتی و سیاسی سنووری خۆی تێپەڕاندبوو. دەتوانم بڵێم مەنزلگای تەواوی ئازادی خوازانی عێراق بوو بە بێ جیاوازی زمان و ئاین، ئەمەش وای کرد قوربانیەکەی لە قەبارەی خۆی گەورە تر بێت.

هەڵەبجەی بێ پرد و دەیان پرد و رایەڵەی سیاسی بۆ کورد

ئارینا هەڵەبجەیی

لای هەمووان ئاشکرایە کارەساتی هەڵەبجە چ نەهامەتییەکی بۆ خەڵکی هەڵەبجە دروست کردووە، ئەمە هەر بۆ سەرەتای ڕووداوەکە ڕاست نیە، بەڵکو ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە هەڵەبجە نەزیفێکە و خوێنی ناوەستێتەوە و دانیشتوانەکەی لە بازنەی مەینەتیدا ئەسوڕێنەوە.

زۆر وتراوە لە سەر قوربانیەکان کە وەک پێویست ڕێز لە کەسوکارەکەیان نەگیراوە، زۆر وتراوە لە سەر نەبوونی خزمەتگوزارییەکان کە بۆ ئەو شارە ئەنجام نەدراوە.

زۆر زیاتر وتراوە لە سەر ئەوەی هەڵەبجە شارێکی داخراوە و پێویستە ڕێگاو مەرزی بازرگانی فەرمی و نافەرمی بە ڕوودا بکرێتەوە، یاخود ببەسترێتەوە بە شارەکانی ترەوە، لەوانە پردی تەنگی سەید محەمەد (نەورۆڵی – دەربەندیخان) یاخود دروستکردنی پردی سەر ڕوباری سیروان لە نێوان (ئیمامی زامن – تووە قوت)، یا پردی (درۆڵە – کەوتە) یاخود پردی (سازان).

بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەموو پردە سیاسیەی کە هەڵەبجە دروستی کردووە بۆ دەسەڵاتی کوردی (٣٣) ساڵە پردێکی شارستانیان بۆ هەڵەبجە دروست نەکراوە. بە کورتی، هەڵەبجە ٣٣ ساڵە پردێکی بۆ دروست نەکراوە بەڵام دەیان پرد و ڕایەڵەی سیاسیی بۆ کورد دروست کردووە.

ئەم ئاخە ئەچێتە بەاڵ ئەو سەدان ئاخەی تر کە دەبوایە حکوومەتی هەرێم ئەنجامی بدایە و نەیتوانیوە ئەنجامی بدات.

بیرمە لە یەکێک لە سەردانەکانی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ لای سەرکونسوڵی ئێران لە سلێمانی جەنابی ئاغای عەبادی وتی"کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵەبجە بە شاری قوربانیدەری خۆی ئەزانێت هاوشێوەی شارەکانی تری ئێران" و لە بەرامبەردا وتی"لە پێناو هەلی کاری زیاتر و خزمەتکردن بەو شارە ئێمە ئامادەین تاران ڕازی بکەین لە بەرامبەر لێدانی پرد و دروستکردنی بازارچە لە نێوان هەردوو گوندی سەرسنووری (کەوتە – درۆڵە).

تەنانەت بۆ ئامادەکارییەکانیش فەرمانداری جوانڕۆی هێنایە سەر مەرزەکە و لە گەڵ گۆران ئەدهەمی قایمقامی پێشووتری هەڵەبجە لە سەر ڕووباری سیروان کۆبونەوەی پێ ئەنجام دان. بەڵام بەداخەوە نەیشاردەوە کە بەرپرسانی هەرێم خەمسارد بوون لە ئاست کردنەوەی مەرزی نوێ بە ڕووی هەڵەبجەدا.

ئێستاش نەوەی نوێی تەمەن ٣٣ ساڵی دوای کیمیابارانی هەڵەبجە لە چاوەڕوانی هەلی کار و خزمەتدان بە شارەکەیان، چاوەکان لە سەر گێرانەوەی شکۆی ناخ و دەرونی ماندووە بۆ هەڵەبجە. بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین: تۆ بڵێی سەردانی داهاتووی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ هەڵەبجە ئاهێک بەهێنێتەوە بە ڕۆحی قوربانیەکان و دەرونی ماندووی هاوشارییانی ئەو شارەدا ؟

کیمیابارانی هەڵەبجە، تاوانێکی لەبیرنەکراو

کامەران کەریم– ڕۆژنامەنووس

زۆرێک لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان بەدرێژایی مێژوو بەردەوام خۆشحاڵ بوون بە ئازاردان و ئەشکەنجەدان و لەناوبردنی هاوڵاتیانیان و بەردەوامیش کاریان لەسەر لاوازبوون و بە کۆیلەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا کردووە. زۆرن ئەو دەوڵەتانەی بە لەناو بردن و کوشتنی خەڵکەکەیان شاگەشکە بوون.

ڕژێمی لە ناوچووی بەعسی عەرەبی لە عێراق هاوشێوەی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی پێشووی عێراق هەموو شێوە ئەشکەنجەدان و کوشتن و زیندەبەچاڵ و ئەنفالی لەسەر هاوڵاتیانی عێراقی و کوردیش تاقیکردەوە. بەردەوام کاری لەسەر شکاندنی کەرامەت و شکۆی خەڵک بووە. لەو هەزاران نمونە ناشیرینەی بەعسی لە ناوچوو لە ١٦-٣-١٩٨٨ کاتێک هێرش دەکات بۆشاری هەڵەبجە و بەبۆمبی کیمیایی دەست دەکات بەهێرش کردن بۆسەر خەڵکی سڤیل و بێدیفاع و مەزڵومی ئەو شارە، هەست ناکات کۆمەڵێک مرۆڤی بێ تاوان بە قورستترین چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی دەکەوێتە گیانی ژن و منداڵ و پیاو و گەنج و تەنانەت دەستیش لە ئاژەڵان و دارو درەخت و سروشتیش ناپاریزێت و لەماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا ٥ هەزار خەڵکی مەدەنی بەترسناکترین چەکی کیمیایی لەناو دەبات، کۆمەڵکوژیەک لەوشارە دروست دەکات کە ڕووی ڕاستەقینەی عەرەبی شۆڤێنی دەردەخات و ناخە پیسەکەی ئەو سیستمە ڕوون دەکاتەوە.

جێگای تێڕامانە هیچ دەوڵەتێکی بەناو دیموکراتخواز و زلهێز لە ئاست ئەو تاوانە وەحشی و نامرۆڤانەی، هاوشێوەی هێرۆشیما و ناکازاکی، نایەتە دەنگ و جارێکی دیکە قەتلوعامی مرۆڤ گەلێک دەکرێت تەنها تاوانێکیان ئەوەیە مەدەنی و بێدەسەاڵتن. جگە لە کوشتنی ٥ هەزار کەس وئاوارەبوونی هەزاران و برینداربونی سەدان کەس بۆ خۆی هاوشێوەی قیامەتێک لە سنورەکە دەخوڵقێت کە مرۆڤایەتی بەو تاوانە شەرمەزار دەبێت کە بتەوێ باسی بکەیت.

لەو ساتەوەختەدا، بۆ ئەوەی خەڵکە دەرچووەکە بە فەلاکەت نەچن، وڵاتی ئێران دێت بەهانای خەڵکەکەوە و دەرگایان بۆ دەکاتەوە. ئەم هەڵوێستەی وڵاتی ئێران و هاوڵاتیانی بۆئێمە هەردەم جێگای تەقدیرە، تا ئێستا هیچ دەوڵەتێک دانی نەناوە بەو تاوانە کە جینۆسایدی گەلێک کراوە تەنها هۆکارەکەی ئەوە بوو

یادەوەری کیمیابارانی هەڵەبجە

سالم حەسەن عەزیز
مامۆستا لەزانکۆی هەڵەبجە

دوای سی و سێ ساڵ لەکارەساتە دڵتەزێنەکەی کیمیابارانی هەڵەبجە، وەک یەکێک لەکەسوکاری کیمیابارانی، هەموو ساڵێک لەو یادە دەرونمان دێتە کوڵ و گریان دەبێتە پیشەمان. لەبیرمە لە ١٦-٣-١٩٨٨ کات نزیکی نیوەڕۆ بوو، سەعاتێک پێش ئەوەی من و برایەکم، کە ئەوکاتە کە تەمەنی ١٦ ساڵ بوو، چووبووین بۆ لای قایمقامیەتی هەڵەبجە چوار دەوری ئەو شوێنە زۆر قەرەباڵغ بوو پاسداری ئێرانی و پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامی لەبەردەم قایمقامیەت و دیوی پشتەوەی بوون، هەندێکیان قیناعی بەستبوو، لە پڕ دەنگی فڕۆکەکان هات لە ئاسمانی دەرەوەی شار بوون، دەنگێکی زۆریان بەردابویەوە لە پڕ گەیشتنە ئاسمانی هەڵەبجە خەڵک بڵاوەیان لەو شوێنەدەکرد، لەپڕ چەندین ناپاڵمیان هەڵدایە خوارەوە من لەو کاتەدا بەبۆنەی قەرەباڵغیەکەوە لەگەڵ براکەم لێک دابراین بەرەو لای ماڵی خۆمان ڕامکرد کەچی دواتر لە دوو دراوسێمان کە لە ئێران بینیمان، بیستم براکەم بەر ئەو، ناپاڵمانەی فڕۆکەکانی بەعس کەتووە و شەهید کراوە، بەداخەوە تا ئێستاش مەیتەکەیمان نەدۆزیوەتەوە دیارە دواتر لە گەڵ ئەو کۆمەڵە زۆرەی لەو شوێنە شەهید کران پێکەوە خراونەتە گۆڕی بەکۆمەڵەوە.

لەبیرمە خەڵکێکی زۆر لەکۆاڵنەکان کەوتبوون هەندێک بریندار و هەندێک شەهید بوون، بەرەو گوندی عەبابەیلێ کەوتینە ڕێ بە پێ خاوسی و برسی و هیلاک، لەوێشەوە بەرەو سازان، لە پردەکە دیسان فڕۆکەکانی بەعس ناپاڵمیان هەڵدایە خوارەوە تەنها ئەوە بوو ڕۆژمان تەواو نەبووبوو، چەندین کەس منداڵی لێ ون بوو، بەجێیان هێشتبوو، چوینە ئەوبەری پردەکە بە ماشینی میک زەمینی بەرەو شارەکانی ڕۆژهەاڵتی ئێران ئێمەیان بردن، باوکم بەجێ مابوو دواتر پاسدار هێنابوویان بۆ سنور لەوێشەوە بۆ ئێران.

ئێمەیان بردن بۆ هەرسێن لەنزیک کرماشان لە قوتابخانەیەک دایاننایین، دوای چەند ڕۆژێک بە پاس بەرەو هەمەدان و ئەراک تا کرمان ئێمەیان بردن، چەندین کەسمان لە کرمان مردن لەوێ ناشتمانن، دوای ماوەیەک گەڕاینەوە بۆ ئۆردوگای هەرسێن، دوای پێنج شەش مانگ گەڕاینەوە بۆ عێراق، ئێستاش هەموو ساڵێک لەو یادەدا کاریگەری دەرونی ئەو کارەساتەمان بە سەرەوەیە لەو ساتەوەختەدا بڕینمان نوێ دەبێتەوە.

هەزار ساڵاو لەگیانی پاکی شەهید سەربەست حەسەن و سەرجەم شەهیدانی کیمیاباران.

ئەنفال؛ ئاوڕدانەوەیەکی میژوویی لە ژینۆسایدی نەتەوەی کورد

وشەی «ئەنفال» کە ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆز، بە واتای غەنیمەت گرتنە، لە میژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، ئاماژەیە بە زنجیرە ئۆپراسیۆنی کۆمەڵکوژیی کوردەکانی ناوچە کوردستانییەکانی وڵاتی عێراق کە، لە ٢٦ی فێوریەی تا ٦ی سێپتەمبری ١٩٨٨ی زایینیەوە لە لایەن دەوڵەتی بەعسی عێراقەوە، وەک بەشێکی دیار لە کۆمەڵە کردەوەکانی جینۆسایدی گەلی کورد ئەنجام درا و لە ئاکامیدا زیاتر لە ١٨٢ هەزار خەڵکی مەدەنی کوژران و زۆربەی گوند و شارە کوردستانییەکان کەوتنە بەر شاڵاوی کاوڵکاری و سڕینەوەی ئاسەواری ژیان.

شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، بو دەوڵەتی بەعس دەرفەتێکی نوێ بوو تاکوو لە سێبەری تەماویی شەڕدا، جارێکی دی لە پێناو ئایدۆلۆژیای توندئاژو و پاوانخوازی خۆیدا سیاسەتی تەعریب و تواندنەوەی کورد بە درندانەترین شێواز بگرێتە بەر و کورد و کوردستانی بوون لە سیمای جوگرافیا و ئەتنۆگرافی عێراقدا بسڕێتەوە. لەم پێناوەدا ئۆپراسیۆنی ئەنفاڵ وەک شێوازێکی سیستەماتیک و پلان تەوەری دەوڵەتی بەعسی لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدا داڕێژراو و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئۆپراسیۆنی ژینۆسایدی ئەنفال، لە هەشت قۆناغدا، بە دابەشکردنی ناوچە کوردییەکانی عێراق بە شەش دەڤەری جوگرافیایی ئامانجی ئۆپراسیۆن، جێبەجێکرا و لە لایەن نووسینگەی ناوچە باکوورییەکانی ڕێکخراوەی حیزبی بەعس بە سەرۆکایەتیی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە «عەلی ئەنفال» و «عەلی کیمیایی» سەرپەرشتی دەکرا. عەلی حەسەن وەک حاکمی دەستکراوەی باکووری عێراق و ناوچە کوردستانییەکانی وڵاتی عێراق، بە پێی پەسندکراوی فەرمیی ئەنجوومی بالای شۆڕشی عێراق لە لایەن سەدام حسێن و پیزبی بەعسەوە ڕاسپێردرا بوو کە بە ترخانکردنی گوژمەی تایبەت و کەڵک وەرگرتن لە کۆی پێداویستی و کەرەستە نیزامی و هەواڵگری و ئیدارییەکانی دەوڵەتی عێراق پرۆژەی ئەنفال جێبەجێ بکات.

ئۆپراسیۆنی ئەنفال، کە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک ئامانجی وەک: کۆتایی هێنان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردانی عێراق، خێراتر کردنی سیاسەتی تەعریب، گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتوانی ناوچە کوردستانییەکان و سڕینەوەی شوناسی فەرهەنگی و میژوویی نەتەوەی کورد و هەرێمی کوردستان داڕێژرا بوو، بە گشتی؛ ژینۆسایدێکی فیزیکی، فەرهەنگی، ئابووری، ئیتنیکی ئەژمار دەکرێت کە لەسەر سڕێنەوە و پاکتاوکردنی هەمە لایەنەی ژیانی سیاسی، کولتووریم ئابووری و کۆمەڵایەتیی گرووپێکی ئیتنیکی داڕێژرا بوو.

ئۆپراسیۆنی ئەنفال، کە بە پێی نەخشەیەکی دیاریکراوی پشت ئەستوور بە سەرژمێری و دابەشکاریی جیۆپۆلیتیکیی ناوچە ئامانجەکان، لە لایەن هێزە حەسکەرییەکانی خاوەن ئەزموونی شەڕێ هەشت ساڵە لە گەڵ ئێراندا ئەنجام دەدرا، لە کۆمەڵێک تەکتیکی سەربازیی دیاریکراو پەیرەوەیی دەکرد. هەنگاوی یەکەمی پڕۆژەکە، بە ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی و بۆردمانی کیمیایی ناوچەکان دەستی پێدەکرد. هەنگاوی دواتر، هێرشی سەر زەویی هێزەکانی سوپای بەعس بۆ ناوچەکان و پاکتاوکردنی ناوچە دەست بەسەردا گیراوەکان بوو، کە دوای دەسبەسەردا گرتنی، ڕەشکوژی و گواستنەوەی زۆرەملیی دانیشتوان بەرەو کەمپەکانی نیشتەجێکردنی زۆرەکی و کوشتارگە بە کۆمەڵەکانی خواروووی عێراق، ڕووخاندنیماڵ و خانووی شار و گوندەکان دەستی پێدەکرد و تەنانەت سەرچاوە سروشتییەکانی ژیانی مرۆیی وەک؛ کانیاو، باخات، زەوی کشت و کاڵ و هتد دەکەوتنە بەر شاڵاوی کاوڵکاری و ڕووخاندن.

بە پێی ڕاپۆرتی چاودێرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین (Middle East Watch)، کۆمەڵکوژیی ١٨٢ هەزار کەس، ڕووخاندنی ٤ هەزار گوند، ٣٠ ناحیە، ٣٢٠٠ مزگەوت، ١٠٠ کڵێسە، و تاڵانکردنی ماڵ و بژێویی دانیشتوانی ناوچەکان، تێکدانی ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان، بەشێک لە خەسارەکانی پرۆژەی نگریسی ئەنفال بوون.

هەشت قۆناغی ئۆپراسیۆنی ئەنفاڵ

قۆناغی یەکەم (٢٣ی فێبریۆری تق ١٩ مارس ١٩٨٨): یەکەمین قۆناغی زنجرە ئۆپراسیۆنی ئەنفال بە هێرشکردنە سەر ناوچەی جافایەتی دەستی پێکرد و بوو بە هۆی داگیرکردنی شاری سلێمانی، ناوچەی دوکان، ماوەت، چوارتا، سەرگەلوو و بنگەلوو. بوردمانی کیمیایی هەڵەبجە و کۆژرانی ٥ هەزار مرۆڤی بێتاوان لە چارەکە ڕۆژێکدا، نموونەی دیاری دڕندەیی و وێرانکاریی ئەو کردەوە نگریسەن.

قۆناغی دووەم (٢٢ی مارس تا ١ی ئاپرییەلی ١٩٨٨): ئەنفال لە ئۆپراسیۆنی دووەمدا ناوچەکانی: قەرەداغ، بازیان و دەربەندیخان گرتەوە. کیمیابارانی گوندەکانی؛ سێوسینان، تەکیە، بەلەکجار و... بەشێک لە تاوانەانی ئەم قۆناغەن. ڕژیمی بەعس دوای دەست بە سەردا گرتنی دەڤەرەکە، کۆی گوندەکانی، نزیک بە ٨٠ گوند، بە ٢٢٤١ بنەماڵە و زیاتر لە ١٢ هزار کەس حەشیمەتەوە، وێران کرد. لەم قۆناغەدا نزیک بە ٥٦٧٣ کەس گیانیان لە دەستدا.

قۆناغی سێهەم (٧ی ئاپرییەل تا ٢٠ی ئاپرییەلی ١٩٨٨): سێهەمین قۆناغی ئەنفال، تایبەت بە ناوچەی گەرمیان بوو، کە کارەساتبارترین و تاوانبارترین کردەوەکانی پرۆسەی ئەنفالی لە خۆ دەگرت. گۆڕەپانی ئۆپراسیۆنەکانی ئەم قۆناغە بە شێوەیەکی دیار بەشگەلێک لە پاریزگاکانی کەرکووک، دیالە و سلێمانی وەک: ڕۆژئاوای کەرکووک، تووزخورماتوو و شارەکانی کەلار، کفری و ناوچەی قادر کەرە و تیلەکۆی گرتەوە.

قۆناغی چوارەم (لە ٣ تا ٨ی مایی ١٩٨٨): ئۆپراسیۆنەکانی ئەم قۆناغە ناوچەکانی زێی بچووک، دەشتی کۆیە، ئاغجەلەر، تەقتەق و شوانی گرتەوە.

قۆناغەکانی پێنجەم، شەشەم، و حەوتەم (١٥ی مای تا ٢٦ی ئۆگوستی ١٩٨٨): ئۆپراسیۆنەکانی قۆناغی پێنجەم، شەشەم، و حەوتەمی ئەنفال لە داوێنی چیاکانی شەقلاوەوە بە کیمیاباران دەستی پێکرد. ١٥ی مایی ١٩٨٨ کە داوییین ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بوو و لە کاتێکدا کە خەڵک خۆیان بۆ پێشوازی جێژنی ڕەمەزان ئامادە دەکرد، چەند فڕۆکەیەک گوندەکانی وڕە، عەلیاوا، سماقوڵی و نازەنینان بوردمان کرد لە ئاکامیدا ٣٦ کەس لە خەڵکی گوندێ وڕە شەهید کران.

قۆناغی هەشتەم (٢٥ی جوون تا ٦ی سێپتەمبەر): لە هەشتەمین قۆناغدا

ئەنفال پاش سێ دەیە، هێشتا دێوزمەیەکی مەرگ و قەیرانێکی زیندووە کە ئاسەواری بە سیمای بەجێماوان و ژینگەی کوردستانەوە دیارە. نوێترین لێکۆڵینەوە زانستی و مەیدانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق باس لە کۆمەڵێکی بەربڵاو نەخۆشیی دژوار و بێچارەسەر دەکەن کە پاشماوەی بوردمانی کیمیایی و چەکێ بەکارهێنراوەکانی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفالە.

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال ڕوویکردە ناوچەکانی؛ دهۆک، زاخۆ، باتووفە، کانی ماسی، زیوە، دێرەلۆک، ئەتروش، زاویتە و ئامێدی. پانتایی سەرەکی ئەم قۆناغە ناوچەی بادینان و ناوچە کوردییەکانی هاوسنووری تورکیا بوو. گوندەکانی وەک؛ شیروانە، ڕدینیا، سارتکی، وەرمیلی، و گوندەکانی کۆیستانی گارە بوون بە قوربانیی تووندترین هێرشە کیمیاوییەکانی سوپای بەعس.

پاش ڕاگەیاندنی کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق لە ٨ی ئۆگوستی ١٩٨٨دا، سوپای عێراق هێزەکانی لە سنوورەوە کشاندەوە بەو مەبەستەی کە لە ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفالدا، کە ئەو کات گەیشتبووە قۆناغی حەوتەم، کەڵکیان لێ وەرگرێت.

خەسارەکانی ئەنفال

ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال، دەکرێت وەک ڕێگاچارەی کۆتایی ((Final Solution ڕژیمی بەعس بەرانبەر بە مژاری گەڵی کورد لەو وڵاتەدا چاو لێبکەیت، کە لە جینۆسایدێکی هەمەلایەنەی ئیتنیکی، ڕەگەزی، کولتووری و جوگرافیاییدا بەرێوە چوو و سەدان هەزار قوربانی و کۆمەڵێک خەساری ماددی و ژینگەیی لێکەوتەوە، بە شێووازێک کە پاش سێ دەیە هێشتا ئاسەواری لە سەر بەرکەوتووان و ژینگەی ناوچە ئەنفالکراوەکان بە زیندوویی و زەقی ماوەتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی چاودێرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین (Middle East Watch)، کۆمەڵکوژیی ١٨٢ هەزار کەس، ڕووخاندنی ٤ هەزار گوند، ٣٠ ناحیە، ٣٢٠٠ مزگەوت، ١٠٠ کڵێسە، و تاڵانکردنی ماڵ و بژێویی دانیشتوانی ناوچەکان، تێکدانی ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان، بەشێک لە خەسارەکانی پرۆژەی نگریسی ئەنفال بوون.

پرۆفیسۆر کەندال نەزان، لەمبارەوە دەنووسێت: لە ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفالدا، ژێرخانی ژیان لە هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی خاپوور کرا. پاش ئەنفال، زیدەتر لە ٩٠٪ی گوندەکانی کوردستان و ٢٠ شار و شارۆچکە تووشی سڕینەوە ببوون. لە هەریمی گوندەکاندا ١٥ ملیۆن ئەڵغام چێترا بوو. یەک و نیو ملیۆن کوردی سەر بە گوندەکان بەرەو کەمپەکانی نیشتەجێکردنی زۆرەملی ڕاگوێزرابوون و نزیک بە ١٠٪ی کوردانی وڵاتی عێراق لە ناو چوون.

ڕامانێک لە ڕەهەندی دەروونناسانە، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و حەشیمەتناسیی ئەنفال وەک یەکێک لە دیارترین نموونەکانی جینۆسایدی سەدەی بیستەم، بە ڕاشکاوی سەلمێنەری توێژینەوە قەیراناسییەکانە، کە ئاکامی ئەم تراژیدیا میژووییانە لە بەرەکانی دواتری قوربانیان و بەرکەوتووان و تەنانەت ژینگە و بەستێنی جوگرافییایاندا کاریگەریی دەبێت.

ئەنفال پاش سێ دەیە، هێشتا دێوزمەیەکی مەرگ و قەیرانێکی زیندووە کە ئاسەواری بە سیمای بەجێماوان و ژینگەی کوردستانەوە دیارە. نوێترین لێکۆڵینەوە زانستی و مەیدانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق باس لە کۆمەڵێکی بەربڵاو نەخۆشیی دژوار و بێچارەسەر دەکەن کە پاشماوەی بوردمانی کیمیایی و چەکێ بەکارهێنراوەکانی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفالە. لە لایەکی دیکەشەوە ئاسەواری ئەو کاولکاری و تێکدانی ژینگە و کێڵگەکانی ئەڵغام، بووەتە هۆی پیسبوون و ژەهراوی بوونی زەوی و زاری ناوچە بە پیتەکانی کوردستان و لە کیسدانی دەرفەتی نوێ بووژانەوەی ژیانێکی ئاسوودە. ڕەهەندێکی گرنگتری ئەو دیاردە سامناک و قیزەونە، لێکەوتە نەفسی و دەروونیەکانیەتی لە سەر تاکی کوردی هەرێمی کوردستان و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیی ئەو مەترسی و کارەساتەیە کە سالانێکی زۆر وەک مۆتەکەیەک باڵی بە سەر کۆمەڵگادا کێشابوو و هێشتا ئاسەوارەکانی بەدی دەکرێت، لەم ڕووەوە دەتوانین نازناوی «ئەنفالی بێدەنگی» لێ بنێین.

هەڵەبجە؛ لە بووکی دەشتی شارەزوور تا شاری شەهیدی کوردستان

شـاری هەڵەبجـە، یەکێـک لە شـارەکانی هەرێمی کوردسـتانی عێراقە کە لە ڕووی دابەشکاریی سیاسـی و ئیداریـیەوە دەبێتە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە وەک جوارەمین پارێـزگای هەرێمی کوردسـتان. لە ڕووی جوگرافیاییەوە شـاری هەڵەبجە دەکەوێتە ١٥ کـم سـنووری ڕۆژئاوای ئێـران، ٢٢٥ کم باکـووری ڕۆژهەڵاتی بەغـدا و ٨٣ کم باشووی ڕۆژهەڵاتی سـلێمانی. پارێزگای هەڵەبجە بە ڕووبـەری زیاتر لە ١٥٠٠٠ کم چوارگوش، لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە بە سەر چوار ناحیەی سـیراوان، خورماڵ، بیارە و سەید سادق دابەش دەبێت.

تێکهەڵکێشی دڵرفێنی دیاردە سروشتییەکان ئەم ناوچـە، لە چیـاو و کوێشـتان بەرز و کەڵەگەتەکانی وەک شنرۆ، باڵامبۆ، شرام، نوور، ملەخـۆر و هتـد بگرە تـا ڕووبار و داوێنە پڕ هاژە و خرۆشـەکانی سـیروان، زمکان، زەڵم، شـەڵم، تانجـەڕۆ و... لە گەڵ باخـات و دارسـتانە هـەزار ڕەنگەکانـی هەورامان و دەشـتی بە پیتی شـارەزوور تابلۆیەکی ئەفسوناویان خولقاندووە کە لە بووکێکی ڕازاوەی ڕووەمەت ئاڵ و پڕچ و دەست و پەنجە ڕەنگین دەچێت.

سـنووری پارێـزگای هەڵەبجـە بـە هۆی سروشـتی بە پیت و لەباری بـۆ بژێوی، بە درێژایی مێـژوو مەڵبەندێکی گرنگی ژیانی کۆچەری و لادێ نشینی کوردستان بووە و هاوکات بە هۆی شوێنکەوتەی سنووری وەک ناوەندێکی سەرەکیی بازرگانی ڕۆڵی بینیوە.

ئاسەوار و دەستکەوتە مێژووییەکان باس لە پێشـینەی دیرۆکی و کەونپەنەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەم ناوچەدا دەکـەن، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە بونیاتنانی ئەو شارەی کە ئێسـتا بـە نـاوی هەڵەبجە دەناسـرێت بۆ سـەردەمی دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پاش سااڵنی ١٧٠٠ز دەگەڕێتەوە و لە زۆربـەی سـەرچاوەکاندا ئێلی جاف وەک دامەزرێنەرانی ئەم شارە ناو دەبرێن. جافەکان لە بونیاتنانی هەڵەبجەوە تا کۆتایی سـەدەی بیسـتەم ڕۆڵی دەسـەڵاتداریتی خۆیـان لـەم ناوچەیـەدا پاراسـت و لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایی ئەواندا شـار و مەڵبەندی هەڵەبجە وەک ناوەندێکی ئاوەدان و کاریگـەری ژیانی ڕامیـاری، ئابووری و کولتووری دەوری بەرچاوی بینی.

سـەبارەت بە ناوی «هەڵەبجـە» چەندین گێڕانـەوەی جیـاواز لەبـەر دەسـت دان: هەندێـک نـاوی هەڵەبجـە، وەرگیـراو لە «هەڵـۆ بـەگ» و «هەڵـۆ خـان» دەزانن، وەک بونیاتنەرانی ئەم شـارە. گێڕانەوەکی دیکە پێی وایە؛ بە هـۆی زۆربوونی باخاتی پرسـەمەری «هەڵووژە» لەم شارەدا، ناوی «هەڵەبجە» لـە «هەڵـووژە» وەرگیراوە. ڕوانگەیەکی دیکە نـاوی «هەڵیبجە» گرێ دەدات بـە دەسـتەواژەی «عەجەبجا»ی فارسییەوە، کە ئاماژەیەکە بە جوانی دڵرفێن سەرسوڕهێنەری ئەم ناوچە. بۆچوونێکی دیکەش پێی وایە ناوی «هەڵەبجە» بە پێی ئەوەی هەڵەبجە لە کاروبـاری بازرگانی و گواستنەوەدا وەک شارێکی سنووری ڕۆڵی هاوشـێوەی «حەلەب»ی شامی گێڕاوە لە «حەلەب جا» وەرگیراوە.

لـە ڕووی جوگرافیای ئایینیـەوە، زۆربەی دانیشـتووانی پارێـزگای هەڵەبجـە موسوڵمانی سـوننەن بە مەزهەبی شـافعین، بەڵام لـەم سـنووردا هاوکات کۆمەڵێـک پەیرەوانـی ئایینـی کاکەیـی و جولەکەش ژیـاون. تایبەمەندیـی ئایینیی سـنووری هەڵەبجە گرێدراوی پەیوەندیی قـۆڵ و لـە میژنـەی ئـەم مەڵبەندەیـە لـە گـەڵ عیرفانـو تەسـەوفی ئیسـلامیدا، کە پێشینەیەکی قۆڵ و پێگەیەکی قورسیان لەم مەڵبەندا هەیە و هوە لە کۆنەوە وەک ناوچە و شاری عارفان و کەسایەتییە گەورەکانی تەسەوفی ئیسلامی ناسراوە، دیارترینی ئەو کەسایەتییە ئایینی و نەتەوەییانە بریتین لە: شێخ عوسمانی نەقشـبەندی، ئیبنی سەلاح شارەزووری، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، شێخ حیسامەدینی نەقشـبەندی، مامۆستا عەبدولکەریمـی مودەرێس، محەمەدئەمین کاردۆخی و هتد. وەها پێشینەیەکی بەهێزی زانسـتی و کولتووری بووتـە هۆکارێک تاکـوو هەڵەبجە لە زۆربـەی بژاڵە ئەدەبی و کولتوورییەکانی هاوچەرخی باشووری کوردسـتاندا دەوری پێشـەنگی هەبێـت، کـە دیارترینیـان سـەرهەڵدانی «ڕەوتـی نوێی شـیعری کوردی»یە لە سەر دەستی عەبدوڵاڵ گۆران. سـەبارەت بە پێشـینەی بەهێزی ئـەدەب و شـیعر لـەو ناوچەیەدا دەتوانین ئاماژە بە شـاعیرانی ناسـراوی وەک: نالی، وەلی دیوانـە، مەولەوی کورد، ئەحمەد موختار جاف، تاهیـر بەگی جاف، حیلمی شەریف و عادیلە خانی جاف بکەین. لـە بـواری سیاسیشـدا، تێکـڕای سـەقامگیریی دەسـەلاتی خێڵـی جـاف لە ناوچەکـەدا، ئـەم ناوچـە وەک پانتایی پێوەندی و ململانێـی ئەم خێلـە بەهێزە لە بازنەی بەربـڵاوی پەیوەندییـە خێڵەکەی و سـەروو خێڵەکییەکانـدا دەرکـەوت. لە سـاڵی ١٨٨٩ی زایینـی بـە دواوە کـە هەڵەبجە وەک قەزا ناسـێندرا و پێگەیەکی بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆتری بەدەستهێنا، دەورێکـی بەرچاوتـری بۆ خـۆەوە بینی و تـا دواسـاتەکانی ڕووخانـی دەسـەلاتی عوسـمانی بـەردەوام لـە گەشـەدا بـوو. پـاش ڕووخانی دەسـەلاتی عوسـمانی و دەسـتپێکردنی حوکمدارێتـی بەریتانیـا، ئەم ناوچە کەتـە ژێر فەرمانی دەسـەلاتی میجەرسون حاکمی بەریتانی.

لە سەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا، پاش پێکهێنانـی وڵاتی عێـراق و سـەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزمی کـوردی لـە باسـووری کوردسـتاندا، هەڵەبجـە بـە هـۆی پێگەی جوگرافییاییـەوە بـوو بـە مەکۆیەکـی ستراتیژیک لە هەڵومەرجی سیاسی نوێدا. مەحموود پاشـای جـاف لە پێشـەنگترین ڕێبەرانی بزوتنـەوەی نەتەوایەتی کورد لە باشووردا بوو کە لە پێناو ڕابوونی سیاسی و نەتەوایەتـی کۆمەڵانی خەڵکـی ناوچەکە کۆمەڵێک چالاکیـی کاریگـەری ئەنجام دا. دوای کۆچی دوایی مەحموودپاشا، عادیلە خانمی جـاف لە نێـوان سـاڵانی ١٩٠٩ بۆ ١٩٢٤ ز، وەک بەهێزتریـن کەسـایەتی سیاسـی ناوچەکە دەرکەوت کە زۆر جار تەنانەت لە لایەن بەریتانیەکانیشەوە ڕێزی لێ گیرا.

لە گەڵ دەسـتپێکردنی بزاڤی سەربەخۆیی خوازانەی شـێخ مەحموودی حەفید دژ بە دەسـەلاتی بەریتانیا و بەشداریی چالاکانەی دەڤەرەی هەڵەبجە لەو شۆڕشەدا، کۆمەڵانی خەڵکی ئـەو ناوچە ئەزموونـی دژوار و پڕ کارەسـاتی خۆیان لە بزوتنەوەی سیاسی و خەباتـی نەتەوایەتـی کوردیـدا دەسـت پێکـرد. لـە گـەڵ ڕابوونـە ڕامیارییەکانی گەڵـی کـوردد، هەڵیبجـە وەک ناوەندێکی ڕاهێنـان و پـەروەردە کردنـی کادیرانی سیاسـی و خەباتگێڕان دەوری بینی. وەک نموونـە، پاش شکسـتی شۆڕشـی شـێخ عوبەیدوڵاڵی نەهری لە سـاڵی ١٩٢٤ز دا، یەکێک لـە سـەرکردەکانی ئەو شۆڕشـە بـە ناوی شـێخ محەمـەدی دەوڵەتـی پەنا دەباتـە هەڵەبجە و لـە خزمەتیـدا چەندین کەسـایەتیی بەناوبانگی وەک: ئەحمـەد موختارجاف، فایەق بێکەس، عەلی باپیرئاغا و شێخولئیسلام عارفی، بنەماکانی خەباتی سیاسـی لێ فێر دەبن. لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا نووسەر و سیاسەتڤانی ناسراوی کورد برایم ئەحمەد، بە مەبەستی ڕاهێنان و پـەروەردەی بەربـڵاوی کۆمەڵانی خەڵکی هەڵەبجە لـە پێنـاو وشـیاری نەتەوەیی و ئازادیخـوازی، لەم بوارەدا هـەوڵ دەدات. هـاوکات هەڵەبجە لەو سـەردەمەدا دەبێتە پەناگـە و مـاوای زۆربـەی سیاسـییە دورخراوەکانی سەردەمی پاشایەتی عێراق، وەک: فایەق ئەلسامەڕایی و بەحرئەلعلووم کە هەبوونیان لەو شـارەدا لە سەر فەزای سیاسی کاریگەری دادەنێت.

پـاش دامەزراندنـی وڵاتـی عێـراق لـە بیستەکانی سـەدەی بیسـتەمدا، هەندێ لە کەسـایەتییە گرنگەکانـی هەڵەبجـە وەک نوێنەر لـە پەرلەمانی عێراقـدا ئامادە دەبن و لـە هەڵومەرجی نوێـی سیاسـیدا دەور دەگێڕن، لـە نێوانیانـدا دەتوانیـن ئاماژە بە: حامیـد بەگی جاف، حەسـەن فەهمی بەگ، ئەحمەد بەیـگ و ئەحمـەد موختاری جاف بکەین.

بەردەوامی و پەرەسەندنی چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیریی کەسـایەتییە دیارەکانی ئەو دەڤـەرە، وەک: ئەحمەدموختـاری جـاف، مامۆسـتا گۆران، نامیق، ڕەفیق حیلمی و... لە ڕووی ئەزموونی سیاسـی و هزرییەوە هەڵەبجـەی بـردە قۆناغێکـی نـوێ و لـە سـاڵی ١٩٣٥ز یەکەمین چالاکیی حیزبی بە دامەزراندنی یەکەمین لەقی « حیزبی هیوا» دەستی پێکرد.

لـە کاتێکدا کـە نزیک بە دە سـاڵ پێشـتر، واتـا لـە ١٩٢٥دا، دوای سـەردانی شـێخ مەحمـوود سـەواف لـە هەڵەبجـە لەقـی حیزبـی «ئیخـوان ئەلموسـلمین» لـەو دەڤـەڕەدا دادەمەزرێـت. لە درێـژەی ئەم هەوڵانەدا ساڵی ١٩٤٦ز بنەمای سەرەکیی دوو حیزبـی نوێ بـە ناوەکانـی « پارت» و « تحرر» لـە هەڵەبجەدا دەسـت بە کار و تێکۆشـان دەکـەن. کـۆی ئـەم حیزب و ڕێکخـراوە سیاسـی و مەدەنییانـە وێڕای جێاوازی لە بنەمای فکـری و ئایدۆلۆژیدا، سەبارەت بە پرسی نیشتامنی و نەتەوەیی گەڵی کـورد هاوڕا بوون، بە شـێوازیک کە دوای ڕووخانـی حکوومەتـی پاشـایەتی عێـراق و مەترسـیی سـەرهەڵدانی یەکگرتوویەکـی عەرەبـی، سـەرجەم پـارت و لایەنـە سیاسـییەکان نامەیەکـی ئاگادارییان ڕەوانەی «هارۆڵد مەک میلان» سـەرۆک وەزیرانی ئەو کاتـەی بەریتانیا کرد و سـەبارەت بـە ئەگـەری کوودەتا و دواهاتەکانی ئاگادارییان دا و ناڕەزایەتییان دەربڕێ.

خەڵکـی هەڵەبجـە، سـاڵی ١٩٤٥ز کاتێـک مەلـەک فەیسـڵ دووەم لـە هەڵبژاردنـی پارلەماندا، ساختەکارییەکی گەورەی ئەنجام دا بێدەنگ نەبوون و دژی خۆپیشـاندانیان کرد، سـاڵی ١٩٤٧ بە ڕاپەڕینێک، بەرامبەر پەیمانـی «پۆرت سـیمۆن» وەسـتانەوە و سـاڵی ١٩٥٥ دژ بـە «پەیمانـی بەغدا» ناڕەزایەتییان دەربڕی، کە خۆپیشاندانیان لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بە تونـدی سەرکوت کرا.

قووڵبوونـەوەی ناکۆکیـی نێـوان هێـزە سیاسـییەکانی کورد و دەوڵەتـی عێراق لە سـەردەمی عەبدولکەریم قاسـمدا بوو بە هۆی سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئەیلوول کە لە سـاڵی ١٩٦١ز تا ١٩٧٥ درێژەی کێشـا و میـژووی سیاسـی عێراقی بە گشـتی و دۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی ناوچـە کوردییەکانـی بـە تایبەت بـردە قۆناغێکی نوێوە. لەم قۆناغە تازەدا، هەڵەبجە بەردەوام وەک دەڤەرێکی سـتراتیژیکی سنووری و شاخاوی، دەورێکی بەرچاوی لە شۆڕشدا بینی و وێـڕای ئامادەبوونـی کارای هێز و لایەنەکانی سەر بەم ناوچە لە چالاکییەکانی شۆڕشدا، مەڵبەندێکی گرنگی شۆڕشگێڕان و سەرکردایەتی شۆڕش بوو و بە درێژایی ئەو سـاڵانە ژیانی ئاسـایی خەڵکەکەشـی تێکەڵ بە کار و باری شۆڕشی ئەیلوول بوو.

بەم بۆنەوە لە هەڵمەتەکانی دژ بە شۆڕش لـە لایـەن حکومەتـی ناوەنـدی عێراقەوە بەردەوام دەکەوتە بەر پەلاماری هێزشـی عەسـکەری و ئاسـمانی. لـە بوردمانـی ئامانی سـاڵی ١٩٧٤دا زیاتـر لە ١٠٠ کەس خەڵکی مەدەنیـی هەڵەبجە شـەهید کران. لـە هەڵمەتەکانـی هەسـتانەوەی خەباتـی کوردیـی پـاش شۆڕشـی ئەیلـوول و ڕێککەوتنـی ١٩٧٥ی ئەلجزایـر، هەڵەبجە لە ڕیـزی یەکەمی ئـەو شـارانەدا بوو کە ئاڵای شۆڕشی نوێی گوڵانی بەرز کردەوە. سـاڵی ١٩٨٢ لە گەڵ ڕاپەڕینی سلێمانیشدا زۆر ئازایانـە ڕاوەسـتا و کۆڵنەدەرانـە خۆپیشاندانی کرد.

لە گەڵ دەسـتپێکردنی پرۆژەی شـوومی کۆمەڵکوژیی ئەنفال لە لایـەن حکوومەتی بەعسـەوە، هەڵەبجە دیسـان ناوچەیەکی سـەرەکی لەو شـاڵاوەدا بوو کە زۆربەی خەڵک و گوند و شارەکانی بە دڕندانەترین شێوە کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفال.

هەڵگیرسانی شـەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، بە هـۆی هەڵکەوتەی سـنووری ناوچـەی هەڵەبجـە، ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی هەڵەبجەی بـردو قۆناغێکی دیکـە لـە قۆناغـە دژوار و پڕئازارەکانی. هەڵەبجە بە درێژایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، وەک ناوچەی شەر ئەژمار دەکرا و زۆرجـار پێگەی سـەرەکیی هیزە کوردییەکانـی دژ بـە حکوومەتـی بەعس بە تایبەت یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و هاوپەیمانانـی ئێرانیی بوو. بـەم بۆنەوە زۆرجـار دەکەوتە بە هێرشـی ئاسـمانی و سـەرزەویی ڕژیمـی بەعـس و خەڵک و دانیشـتوانی شـەهید و بریندار و ئاوارە دەبوون.

بەڵام ڕابـوردەی پڕ لە هەوارز و نشـێو و تەنـگ و چەڵەمەی هەڵەبجـە لە ڕیرەوی خەباتی گەلی کورد لە سـەرەتای سەدەی بیستەمی زایینیەوە، تەنیا سەرەتایەک بوو بەرامبـەر بـەو ڕووداوە نەگریسـەی کە لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨دا ڕووی دا و هەڵەبجەی کرد بە سەمبولی ستەملێکراویی میژوویی گەلی کـورد و «شـاری شـەهید» بوو بە تازەترین ناونیشانی ئەم شارە.

حکوومەتی دڕندەی بەعسی گیرخواردوو لە گێـژاوی شـەڕی ئێـران و بەرەنگاریی بێ وچانی ئۆپۆزیسـیۆنی کـوردی، وەک تۆڵەیەکی دڕدانـە و بی‌بەزەیـی بەرامبەر ئیـرادەی کۆڵنـەدەری گەڵـی کـورد، ڕۆژی ١٦ی مارسـی ١٩٨٨، بـە فرمانـی ڕاستەوخۆی سەددام حسێن و فەرماندەیی فرۆکـەوان عەدنـان ئەلدەلەیمـی، بـە سەپەڕشـتی عەلـی کیمیاوی کـوەرە مامی سـەددام، بە نزیکەی ٥٠ فرۆکەی هەڵگری چەکـی کیمیایـی، هێرشـیان کردە سـەر شاری بێ پەنا و خەڵکی سـیڤیلی هەڵەبجە و بۆ ماوەی سـێ ڕۆژ ئۆپراسـیونەکەیان درێژەی هەبوو، کـە لە ئاکامی ئـەم تاوان گەورەیەی دژ بـە مرۆڤدا، زیاتـر لە ٥٠٠٠ خەڵکی مەدەنی و ئاسایی لە ژن و منداڵ، تا گەنج و پیر شەهید کران و زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەس تووشـی نەخۆشـیی بێچارەسـەر و کەمئەندامی و نەخۆشیی دەروونی بوون.

ڕژیمی بەعس لە ئۆپراسـیۆنی کیمیابارانی هەڵەبجـەدا، بـە لادان لـە هەمـوو یاسـا و میساقێکی شـەڕ و کۆنڤانسـیۆنە نێونەتەوەییەکان، لە غازی کیمیایی: خەردڵ، دەمار، سـیانید، لۆیزیـت ویتابـۆن و... بە شێوازی بەربڵاو کەڵکی وەرگرت، کە وەک بەربڵاوترین کیمیابارانـی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی پاش شەری یەکەمی جیهانی دەناسرێت.

هەفتەنامەی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێران-کورد
هفته نامه فرهنگی ، اجتماعی و اقتصادی ایران - کورد

جامەکوردی

jame_kurdi
jamekurdi
jamekurdi
jamekurdi

دووشەممە،١٨ ی ڕەشەممە
ساڵی ١٣٩٩ ی کۆچی هەتاوی
8march 2021 – ژمارەی ٢٣٣
١٠٠٠ دینار – نرخی ئێران: ٥٠٠ تمەن – ئەژمار ٥٠٠٠ دانە

jamekurdi.net

فایلی تایبەت بە یادمانی کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە

ڕێبوار خالید